مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

# دور الثقافة في تنمية قطاع السياحة (دراسة ميدانية في محافظة حلبجة)

د. ئيبراهيم عەبدولکەریم حەمەکەریم
Abrahamhaji111@gmail.com
سەرکۆ یونس عەبدولکەریم
Sarkokareem5@gmail.com
م. ي. أرام حسن علي
aram.h.ali@garmian.edu.krd
جامعة كرميان والمديرية العامة للتربية في حلبجة، إقليم كردستان

**الكلمات المفتاحية**: الثقافة، التنمية، السياحة

**كيفية اقتباس البحث**
حەمەکەریم ، ئیبراهیم عەبدولکەریم ، سەرکۆ یونس عەبدولکەریم ، أرام حسن علي ، دور الثقافة في تنمية قطاع السياحة (دراسة ميدانية في محافظة حلبجة)،مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦، المجلد:١٦، العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# The Role of Culture In The Development Of Tourism Sector (A Field Study in Halabja Province)

**Ibrahim Abdul Karim Hama Karim**
**Sarko Youns Abdul Karim And**
**Aram Hassn Ali**
**Kalar University and the General Directorate of Education in Halabja, Kurdistan Region**

**Keywords** : Culture, Development, Tourist, Tourism

**How To Cite This Article**
Karim , Ibrahim Abdul Karim Hama ,Sarko Youns Abdul Karim , Aram Hassn Ali, The Role of Culture In The Development Of Tourism Sector(A Field Study in Halabja Province ),Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

This Paper Discusses The Important Role That Culture Plays In The Promotion And Development Of The National Tourism Sector In Kurdistan, After Reviewing The Common Relationships Between Them And The Dialectics Of The Two On Top Of Each Other.

There Is No Doubt That Culture Is An Effective And Fundamental Factor In Attracting Tourists, Because Of The Heritage, Art, Customs And Traditions That Bag Of Information Has And Carries, Reflecting The Identity And History Of Kurdistan.

The Purpose Of This Study Is To: To Illustrate The Impact Of Culture On National Tourism Development. The Highlight The Role Of Cultural Heritage In Improving The Image Of Tourist Destinations.

The Study Relies On Descriptive Method Of Analysis, By Analyzing Data And Information About Global And Regional Experiences In

Integrating Culture With Tourism, This Is In Addition To Bringing In Previous Studies Conducted In Some Countries That Have Been Conducted In This Area And Describe The Success Of This Topic.

This Study Seeks To Answer The Questions-:

1- Culture As A Tourist Destination: How Many Cultural Events, Such As Festivals And Art Exhibitions Play A Role In Attracting Domestic And International Tourists ?

2 -How Much Cultural Heritage Contributes To The Preservation Of National Identity, Along With Achieving Sustainable Tourism Development ?

3- How Much Cultural Diversity Acts As An Attractive Tourism Resource ?

4- To What Extent Do Digital Media and Social Media Platforms Contribute To the Spread of Kurdish Culture and Attract Tourists to Cultural Sites? Lastly, This Paper Seeks To Highlight That The Integration Of Culture Into Tourism Through Investment In Heritage And The Arts, Has A Role To Play In Improving Tourism Infrastructure For Access To Cultural Sites.

In Addition, Supporting Cultural And Creative Industries As A Complement To The Tourism Sector. Strengthen Cooperation Between Government Agencies And The Private Sector To Organize Cultural Events And Cultural Sites That Attract Tourists.

ملخص:

تناقش هذه الورقة البحثية الدور المهم الذي تلعبه الثقافة في تنمية قطاع السياحة الوطني، وذلك بعد استعراض العلاقات المشتركة بينهما وجدلية التفاعل بينهما. لا شك أن الثقافة عامل فعال وأساسي في جذب السياح، لما تزخر به حلبجة من تراث وفنون وعادات وتقاليد تعكس هوية كردستان وتاريخها.

هدف هذه الدراسة هو: عرض أثر الثقافة على تنمية السياحة الوطنية. ثم تسليط الضوء على دور التراث الثقافي في تحسين صورة الوجهات السياحية.

الهدف من هذه الدراسة هو: عرض أثر الثقافة على تنمية السياحة الوطنية. ثم إبراز دور التراث الثقافي في تحسين صورة الوجهات السياحية.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

تعتمد هذه الدراسة على المنهج الوصفي في التحليل، من خلال تحليل البيانات والمعلومات، بالإضافة إلى استعراض الدراسات السابقة في هذا المجال محليًا ودوليًا، ومناقشة نجاح هذا الموضوع. وتسعى الدراسة للإجابة عن الأسئلة التالية:

١. الثقافة كنوع من أنواع السياحة، والفعاليات الثقافية كالمهرجانات والمعارض الفنية، وما هو دورها في جذب السياح المحليين والأجانب؟

٢. ما مدى إسهام التراث الثقافي في الحفاظ على الهوية الوطنية والتنمية المستدامة لقطاع السياحة؟

٣. ما مدى أهمية التنوع الثقافي كمصدر جاذب للسياحة؟

٤. إلى أي مدى تُسهم وسائل الإعلام الرقمية ومنصات التواصل الاجتماعي في نشر الثقافة الكردية وجذب السياح إلى المواقع الثقافية؟

وأخيرًا، تهدف هذه الدراسة إلى إظهار أن دمج الثقافة في السياحة من خلال الاستثمار في الثقافة والفنون سيسهم في تحسين البنية التحتية السياحية، ودعم الصناعات الثقافية والابتكارات كمكمل لقطاع السياحة، وتعزيز التعاون بين الجهات الحكومية والقطاع الخاص لتنظيم الفعاليات والمواقع الثقافية التي تجذب السياح.

# ڕۆڵی کەلتور لە گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار (توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە پارێزگای هەڵەبجە)

د. ئیبراهیم عەبدولکەریم حەمەکەریم..

Ebrahimhaji111@gmail.com

سەرکۆ یونس عەبدولکەریم..

Sarkokareem5@gmail.com

م. ي . أرام حسن علي

aram.h.ali@garmian.edu.krd

توێژەران مامۆستان لە زانکۆی گەرمیان وبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید- هەرێمی کوردستان

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە باس لەو ڕۆڵە گرنگە دەکات،کە کەلتور دەیگێڕێت لە پێشخستن و پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاری نیشتمانی ، ئەوەش پاش پێداچوونەوە بە پەیوەندییە هاوبەشەکانی نێوانیان و دیالێکتیکی ئەم دووانە لەسەریەک. گومانی تێدانیە کە کەلتور هۆکارێکی کاریگەر و بنەڕەتییە لە ڕاکێشانی گەشتیار، بەهۆی ئەو میرات و هونەر و داب و نەریتەی کە لەهەگبەیدا هەیەو هەڵیگرتووە، ڕەنگدانەوەی شوناس و مێژوی کوردستانە.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

ئامانجی ئەم توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لە: خستنەڕووی کاریگەری کەلتور لەسەر گەشەپێدانی گەشتوگوزاری نیشتمانی. پاشان تیشک خستنە سەر ڕۆڵی میراتی کەلتوری لە باشترکردنی وێنەی شوێنە گەشتوگوزاریەکان.

توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەسفی شیکاری دەبەستێت، بە شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، ئەمە جگە لە هێنانی توێژینەوەکانی پێشوو لەناوخۆ و دەرەوەی وڵات کە لەم بوارەدا ئەنجامدراون و باس لە سەرکەوتنی ئەم بابەتە دەکەن. ئەم توێژینەوە لە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەیە کە ئایا:

١- کەلتور وەکو ڕەگەزێکی گەشتوگوزار، بۆنە ڕۆشنبیرییەکان، وەک فێستیڤاڵ و پێشانگای هونەری، چەندە ڕۆڵ دەگێڕن لە ڕاکێشانی گەشتیارانی ناوخۆ و بیانی.

٢- چەندە میراتی کەلتوری بەشدارە لە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی لەپاڵیشیدا گەیشتن بە گەشەپێدانی بەردەوامی کەرتی گەشتوگوزار.

٣- چەندە هەمەجۆریی کەلتوری وەک سەرچاوەیەکی سەرنجراکێشی گەشتوگوزار ڕۆڵدەگێڕێت.

٤. تا چەندەش میدیای دیجیتاڵی و پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا، بەشدارن لە بڵاوکردنەوەی کەلتوری کوردی و ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران بەرەو شوێنە کەلتورییەکان.

دواجار ئەم توێژینەوەیە، دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو کە تێکەڵکردنی کەلتور بەگەشتوگوزار لە ڕێگەی وەبەرهێنان لە کەلەپوور و هونەر، ڕۆڵی دەبێت لە باشترکردنی ژێرخانی گەشتوگوزار. لە پاڵ ئەوەدا پاڵپشتیکردنی پیشەسازییە کەلتوریەکان و داهێنانەکان وەک تەواوکەرێک بۆ کەرتی گەشتوگوزار. بەهێزکردنی هاوکاری نێوان دەزگاکانی حکومەت و کەرتی تایبەت، بۆ ڕێکخستنی بۆنە ڕۆشنبیرییەکان و شوێنە کەلتوریەکان کە گەشتیاران بۆ خۆیان ڕادەکێشن.

**کلیلە وشەکان: کەلتور، گەشەپێدان، گەشتیار، گەشتوگوزار**

## تەوەری یەکەم: لایەنی تیۆری

### پێشەکی :

گەشتوگوزار، یەکێکە لە کەرتە گرنگەکانی ئابوری، کە یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی ناوخۆیی و بەرەوپێشبردنی وڵات، بێگومان کەلتور ڕۆڵی سەرەکی لە گەشەپێدانی ئەم کەرتە دەگێڕێت لە ڕێگەی پاراستن و برەودان پێی. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی ڕۆڵی کەلتورە لەپاڵپشتی و پەرەپێدانی گەشتوگوزار لەپارێزگای هەڵەبجە، هەروەها تیشک خستنە سەر گرنگترین فاکتەرە کەلتورییەکان کە یارمەتیدەرن لەڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ناوچەکە.

ئەم توێژینەوەیە لە دووتەوەرەدا لە قەرەی ئەم بابەتە کەوتووە، تەوەری یەکەم، لایەنی تیۆری کە پاش خستنەڕووی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە و پێناسەکردنی چەمکەکان، هەروەها باسکردنی گەشتوگوزار و جۆرەکانی گەشتوگوزار و گرنگی و بایەخی لەبوارە جیاجیاکاندا. تەوەری دووەمیش لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیەو بەشێوەیەکی ئەکادیمی هەنگاوەکانی لەو تەوەرەدا

خراونەتەڕوو، پاشتریش ئەنجام و پێشنیارەکان هەر لەوێدا خراونەتەڕوو، دواجار سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیە دانراون.

## یەکەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە:

### کێشەو گرنگی توێژینەوەکە:

گەشتوگوزار، وەک کەرتێکی زیندوی ئابوری، وەک چالاکیەکی مرۆیی، فاکتەرێکی دیاری کۆمەڵایەتی و پردێکی دانەبڕاوی پەیوەندی مرۆڤ و کۆمەڵگەکان بووە، لەهەمانکاتدا کەلتوری کۆمەڵگەکان هەمیشەو بەبەردەوامی کاریگەری لەسەرگەشت و کەرتی گەشتوگوزار هەبوەو بڕستی کەلتور و پێکهاتەی کەلتوری و مامەڵەی تاکەکانی لەپاڵ خاوەنبوون و هەبوونی سەرچاوەی گەشتوگوزاری جیاواز، بێگومان ڕۆڵی ئەرێنی هەبوە، وزەی باشتری داوەتە جووڵە گەشتوگوزاریەکان و فاکتەری بووژاندنەوەی ئەم کەرتە بوون. هەڵەبجەو ناوچەکەی پاش ڕاگەیاندنی وەکو پارێزگای نۆزدەهەم لە عێراقدا، ئەمڕۆ لەهەمووکات زیاتر پێویستی بە گەشەپێدانی کەرتە جۆراوجۆرەکانی هەیە، بێگومان کەرتی گەشتوگوزاری یەکێکە لەبوارە ڕەونەقدارەکانی، پێشکەوتنی ئەم کەرتەش پێویستی بە هەلومەرجی سەرکەوتن هەیە کە نوێنەرایەتی دەکرێت، لە کەلتورو کەلەپووری سروشتی و شوێنەواری ئاینی و مێژوویی، هەروەها هەبوونی پێکهاتەی بنچینەیی سرووشتی و مرۆیی، کە ئەمانە فاکتەرێکی پێویستن بۆ پێشکەوتنی چالاکی گەشتوگوزار. کە بەدیدی توێژەران لاکردنەوە لەم بابەتە گرنگییەکی زانستی خۆی هەیە، لە هەمانکاتدا بۆ گەشەپێدانی ئەم کەرتە پێویستە توێژینەوەی زانستی بکرێت لەسەر ئەو فاکتەرانەی کە بەشداری دەکەن لە پەرەپێدانی ئەو کەرتە و وەڵامدەرەوەی ئەم خاڵانەی خوارەوە بن:

١- ڕۆڵی کەلتورو داڕشتە کەلتوریەکانی پارێزگای هەڵەبجە و چالاکی و فیستیڤاڵە کەلتوریەکان، لە بوژاندنەوەی کەرتی گەشتوگوزاری چییە؟

٢- تیشک بخاتە سەر توانای کەلتور و کەلەپووری لۆکاڵی ئەم ناوچەیە، لەبەشداری گەشەو برەوپێدانی گەشتوگوزاردا .

٣ - پێشکەشکردنی ڕاسپاردە بۆ گرێدانی زیاتری کەلتور و گەشتوگوزار لە پارێزگاکەدا.

### ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

١- خستنەڕووی کاریگەری کەلتور و چالاکیە کەلتورییەکان لەسەر گەشتوگوزار لە پارێزگای هە لە بجە.

٢- زانینی بەربەستەکانی بەردەم گەشەپێدانی گەشتوگوزاری کەلتوری.

٣- خستنەرووی ئەو بنەما کەلتوری و ئاینیانە کامانەن کەبەشداری لە گەشتوگوزار دەکەن .

### پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

١- کەلتوری لۆکاڵی چەند ڕۆڵی لە ڕاکێشانی گەشتیاران هەیە؟


٢- دیارترین سەرچاوە گەشتوگوزاریەکانی پارێزگای هەڵەبجە، کامانەن بۆ ڕاکێشانی گەشتیار؟

٣- دیارترین چالاکیە کەلتوریەکان کە گەشتیار ڕادەکێشن بۆ هەڵەبجە، کامانەن ؟
٤- بەربەستەکانی بەردەم کەرتی گەشتوگوزار لە هەڵەبجە، کامانەن؟

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستوە، کە داتاکان لە سەرچاوەی دووەمی وەک توێژینەوەکانی پێشوو، داتاو زانیاری لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، لە ڕێگەی چاوپێکەوتن و پرسیارکردن لەگەڵ بەرپرس و پسپۆڕانی کەرتی گەشتوگوزار و کەلتور، بەشێوەیەکی مەیدانی.

دووەم : ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە

نەخشەی (١)، شوێنی شاری هەڵبجە بە گوێرەی هەرێمی کوردستان و عێراق



کاری توێژەر پشت بەستن بە ؛ حکومەتی هەرێمی کوردستان ،وەزارەتی پلان دانان،دەستەی ئاماری هەرێم ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی

هە رشارێك سیفات و تایبە تمە ندی جوکرافی خوی هە یە و جیاوازە لە شارە کانی تر هوکاری ئەم هەموو جیاوازیە ش بو جێکا و شوێن(**) دە گەڕێتەوە ، لە لیکولینە وە کانی جوکرافیای شاریشدا شوێن کرنکی زوری هە یە و بایە خی تایبە تی پێ دە درێت هە رلە بە رئە و کرنکییە ی کە شوێن هە یە تی ناکرێت لیکۆلینە وە لە دیاردە یە کی جوکرافیی بکە ین و شوێن فە رامۆش بکرێت جونکە لە رێگەی شوێنە وە دە گەینە ئە و ڕاستیانەی پەیوەندی نێوان دیاری دەكات شیدەکاتەوە ،لەبەرئەوەی جوگرافی ناسان بەگشتی هاودەنگن لەسەرئەوەی شوێن وەک دیاردەیاکی جوگرافی کاریگەری زۆری لەسەرژیانی شاروناوجەشارستانیاکان ورەنگدانەوی لەسەرجەم جالاکیە مرۆییەکان هەیە – سەبارەت بە شوێنی شاری هەڵەبجەش کەوتوەتەباکووری خۆرهەڵاتی عێراق وخۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان وباشووری خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانی .(نەخشەی (١)،ئەم شارە لەڕووی کارگێڕیەوە سەربە پارێزگای هەڵەبجەیەو (ناوەندی ) پارێزگاکەیە . لە ڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمی ئەم شارە دەکەوێتە سەربازنەی پانی ( =45 -12 °35 =- 58 -08°35)ی باکووری هێڵی درێژی (=55-57 °45 =- 55 -01°46) ی خۆرهەڵات

## دووەم: پێناسەی چەمکەکان

### گەشتوگوزار Tourism:

وەک هەرچەمکێکی تری زانستی مرۆیی، گەشتوگوزاریش پێناسەی فرەجۆر لەخۆدەگرێت، هەندێکیان کاریگەرن بە کۆمەڵناسی بەوەی گەشتوگوزار وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەناسێنن، هەندێکی دیکەیان ئابوریانە لەچەمکەکە دەڕوانن و دەڵێن گەشتوکوزار دیاردەیەکی ئابوریە .

یەکەمین پێناسەی گەشتوگوزار، لە لایەن جویر فرۆیلەر (G.Freuler)ی ئەڵمانی کراوە کە دەڵێت (گەشتوگوزار دیاردەیەکە لە دیاردەکانی سەردەم، کە هەڵقوڵاوی پێویستیی زیاتری مرۆڤە بە پشوو و هەوا گۆڕکێ لە پێناوی هەستکردن بە جوانی سروشت و گەشەپێدانی ئەم هەستە و پەیبردن بە دڵخۆشی و چێژوەرگرتن لە مانەوە لەو ناوچەیەی کە سروشتێکی تایبەتی هەیە، هەروەها گەشتو گوزار بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکانە لە نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکاندا. (الحوري و الدباغ : ٢٠٠١، ٤٥)

گەشتوگوزار: چالاکییەکی ئابوری و کۆمەڵایەتییە کە تیایدا تاکەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی خۆیان دەگوازنەوە بۆ شوێنەکانی تری ناوخۆ یان دەرەوە، بە مەبەستی ڕابواردن، کات بەسەربردن، گەڕان، چارەسەرکردن یان ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئاییني، بەبێ ئەوەی لە شوێنی مەبەستدا کار بکەن.( عبد الفتاح، ٢٠١٠: ١٥)

ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانی (UNWTO) گەشتوگوزار: پێکهاتوە لە چالاکی گەشتکردن بۆ مانەوە لەشوێنێکی دەرەوەی خۆی بە جۆرێک لە (٢٤)کاتژمێر کەمتر نەبێت و ساڵێک زیاتر نەبێت، بەمەبەستی کاتبەسەربردن و کاتێکی خۆش تیایدا هیچ دەسکەوتێکی مادی نەبێت لەو شوێنەی سەردانی دەکات.(William, 2003, 3).

گەشتوگوزار لێرەدا بریتیە لەو چالاکیە ئابوری و کۆمەڵایەتییەی کە خۆی لەشێوەی سەیران و گەشتدا دەبینێتەوە، گەشتیار سەردانی شوێنە سروشتی و مێژویی و سیمبولی و ئاینی و چالاکیە کەلتوری ولۆکاڵیەکانی ولاتێک یان شوێنێکی دیاریکراو دەکات.

**گەشتیار:Tourist**

بەگوێرەی ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانی (UNWTO) گەشتیار بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت: کەسێکە کە گەشت دەکات بۆ شوێنێکی دەرەوەی ژینگەی ئاسایی خۆی، دووری شوێنەکە (٨٠ )کیلۆمەتر کەمتر نەبێت، بۆ مەبەستی کات بەسەربردن، یان کار یان هەر مەبەستێکی دیکە جگە لە وەرگرتنی پاداشت لەو شوێنەی سەردانی دەکات، بۆ ماوەی ساڵێک زیاتر نەبێت. UNWTO, 2008: p10

**گەشتیار:** ئەو کەسەیە کە لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تر لە ناوەوە یان دەرەوەی وڵات، بە مەبەستی کات بەسەربردن، چارەسەر، خوێندن، ڕێورەسمی ئایینی یان بۆ هەر مەبەستێکی ئاسایی دیکە، کەمتر لە (٢٤) کاتژمێرکەمتر نەبێت و لە ساڵێک زیاتر نەبێت، بەبێ ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی لە شوێنی مەبەست هەبێت.( الهيئة العامة للسياحة والتراث الوطني – المملكة العربية السعودية،٢٠٠٥: ١٥)

لێرەدا گەشتیار هەموو ئەوکەسانەن، لەدەرەوەی پارێزگای هەڵەبجەوە چ دەرەوەی هەرێم بێت یان ناوەوەی هەرێم، کەبۆ سەردانی شوێنە تایبەتەکانی گەشتوگوزار و کاتبەسەربردن و مانەوە لەشوێنە گەشتوگوزاریەکان و سەردانی شوێنە ئاینی و مێژووی و هێماو سیمبولەکانی پارێزگای هەڵەبجە، دەکەن .

**کەلتورCulture :**

یەکێک لە کۆنترین پێناسەکانی کەلتور پێناسەی "تایلەر" E. Taylor "کە کەلتور وەک گشتێکی ئاڵۆز، دادەنێت کە زانین و باوەڕ و هونەر و داهێنان و یاسا و نۆرم و ئەو نەریتانە دەگرێتەوە کە تاک وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا بەدەستی دەهێنێت. (ئەحمەد مختار عومەر،٢٠٠٨: ٥٢٨)

کەلتورCulture : بریتیە لە کۆی (بیروباوەڕ، بەها، یاسا، نۆرم، داب و نەریت، زانیاری، هونەر و ئەدەبیات) کە ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو هاوبەشی پێدەکەن. زانین و شێوازەکانی هەڵسوکەوتە، کە مرۆڤ وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا بەدەستی دەهێنێت. هەروەها شێوازی بیرکردنەوە و پەیوەندی خەڵک بە یەکتر و دەوروبەریان دەگرێتەوە. کەلتور ناسنامەی کۆمەڵگا پێکدەهێنێت و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە لە ڕێگەی پەروەردە و کارلێکردنی کۆمەڵایەتی.

کەلتور، دەتوانرێت دابەشبکرێت بۆ پێکهاتەی فیزیکی دیاری وەک (جلوبەرگ، تەلارسازی، ئامراز و کەرەستەکان، خواردن و شێوازی دروستکردنیان) و پێکهاتەی نادیار (بۆ نمونە زمان، ئایین، بەها، نەریت).( بیومي، ٢٠٢٠: ٢٠)

**کەلتوری ناوچەی هەڵەبجە:**

پارێزگای هەڵەبجە، یەکێکە لە پارێزگاکانی کوردستان و عێراق، کە ناوەندەکەی شاری هەڵەبجەیە. ئەم پارێزگایە لە( ١٣ی ئازاری ٢٠١٤)دا و سێ رۆژ بەر لەیادی کیمیاییبارانی هەڵەبجە، بڕیاری بەپارێزگاکردنی بەفەرمی لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕاگەیەندرا و بەمەش بووە چوارەمین پارێزگای هەرێمی کوردستان، لە( ١٤ی نیسانی ٢٠٢٥ )بە فەرمی پرۆژەیاسای بە پارێزگابوونی هەڵەبجە پەسەند کرا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بوو بە نۆزدەهەمین پارێزگای عێراق.، خاوەنی کلتورێکی دەوڵەمەند و ڕەگداکوتاوە، کە ڕەنگ و وێنای مێژووی دێرین و ئەزموونی دانیشتوانەکەی دەکات.

**گەشتوگوزاری کەلتوری Cultural Tourism :**

مەبەست لەم جۆرەی گەشتوگوزار سەردانی ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە پاشماوەی دێرین و کەلتوری کۆن و دابو نەریت و پاشماوەی کەلەپووری نەتەوەو شوێنەوارە کۆنەکانی تێدا بەرجەستە دەبێت.

گەشتوگوزاری کەلتوری کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە وەك :

أ- ئەو گەشتیارانە ڕادەکێشێت کە لە گروپی تەمەن گەورەکانن و ئاستێکی بەرزی خوێندن و رۆشنبیریان هەیە .

ب- ئەم جۆرەی گەشتو گوزار ڕێژەی کەمتر (٢٠%) ی جولەی گەشتوگوزاری پێکدێنێت .

ت- ماوەی مانەوەی گەشتیار کەمە .

پ- پێویستی بە خزمەتگوزاری  و خستنەڕوی گەشتوگوزاری ئاست بەرزە .

ج-گەشتیاران ڕێکدەخرێن بە شێوەی کۆمەڵە وە پێویستی بە خزمەتگوزارییەکانی وەکو (نوسینگەی گەشت و گوزا و گواستنەوە، ڕێبەری گەشتوگوزاری، بەرنامە و پلانی گەشتەکە ) ( الحوري و الدباغ، ٢٠٠١، ٤٥)

**گەشەپێدان Development :**

بریتیە لە پرۆسەی بەرزکردنەوەی کۆمەڵگا و گواستنەوەی بۆ پێگەیەکی باشتر، لەوەی کە هەیە، بە سوود وەرگرتن لە وزە جۆراوجۆرەکانی بەردەست بۆ ئەندامانی کۆمەڵگا، ئاراستەکردنی کارەکانیان بەرەو باشتر(.فؤاد عكاشة،٢٠٠٣: ٢١).

**گەشەپێدانی گەشتوگوزار Tourism Development**

گەشەپێدانی گەشتوگوزار بریتیە لە: "پرۆسەی پلاندانان، ڕێکخستن و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی گەشتوگوزاری سروشتی و کەلتوری و مرۆیی، بە ئامانجی زیادکردنی بەشداری کەرتی گەشتوگوزار لە گەشەی ئابوری، بەدەستهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام و بەرزکردنەوەی ئاستی

ژیانی کۆمەڵگە خۆجێییەکان.( حسن،٢٠١٤: ٣٠).

ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانی (UNWTO) گەشەپێدانی گەشتوگوزار بەم شێوەیە پێناسە کردووە:
پرۆسەیەکە کە ئامانجی باشترکردنی کوالیتی خزمەتگوزاری گەشتوگوزار و ژێرخانی ئابوری و فراوانکردنی چالاکییە گەشتوگوزاریەکانە، ناسنامەی کەلتوری بپارێزێت و یارمەتیدەر بێت بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە خۆجێییەکان". منظمة السياحة العالمية، ٢٠٠٤: ١٠)
لێرەوە گەشەپێدانی گەشتوگوزاری واتە: پەرەپێدانی پێکهاتەکانی بەرهەمی گەشتوگوزاری، بەتایبەتی لە چوارچێوەی کەلتوری و سروشتی خۆیدا، یان بە واتایەکی تر، پەرەپێدانی سەرچاوە سروشتی و کەلتورییەکانی گەشتوگوزاری لە چوارچێوەی کۆی سەرچاوەکانی گەشتوگوزاری بەردەست، بۆ کۆمەڵگە.

**سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

**١- توێژینەوەی شەماڵ عەلی مارف(٢١٠٤) بەناونیشانی: بنەما جوگرافییەکانی پلاندانانی گەشتوگوزاری لە قەزای هەڵەبجەی شەهید، لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای گەشتوگوزار.**
لە دیارترینی ئەو ئامانجانەی توێژینەوەکە هەڵیبژاردوون بریتین لە: خستنەڕووی ڕۆڵی بنەما مرۆیی و سروشتیەکانی قەزای هەڵەبجە، دۆزینەوەی ئەو میکانیزمانەی دەبنە کلیلی چارەسەری گرفتەکان. هەروەها خستنەڕووی بنەما دەگمەن و سەرنجڕاکێشەکان(مرۆیی و سرووشتی) بۆ گەشتوگوزاری. پاشان دیاریکردنی کێشەو ئاستەنگەکانی بەردەم کەرتی گەشتوگوزاری لە پارێزگاکە. ئەم توێژینەوە میتۆدەکانی (شیکاری، هەرێمی، ئسولی) بەکارهێناوە.
دیارترینی ئەو ئەنجامانەی کە ئەم لێکۆڵینەوەیە دەستیکەوتوون، ئەمانەبوون:
- پارێزگای هەڵەبجە خاوەنی سەرچاوەیەکی گرنگی سروشتی و مرۆیی و کەلتوری گەشتوگوزاریەو لەوبوارەوە زۆر دەوڵەمەندە.
- گەشتیارانێکی زۆر بۆ مەبەست و سەردانی جیاواز دێنە سنووری پارێزگای هەڵەبجە، لەنێویاندا (شوێنە سروشتی و هاوینەهەوارەکان، چارەسەری و سەردانی ئاوی کانزایی خورماڵ، بۆ یادەکانی هەڵەبجەو سەردانی مۆنۆمێنت و شوێنەپیرۆزە مێژوویەکانی وەک خانەقاو مزگەوتی گەورەی خورماڵ.
- کۆمەڵێک ئاستەنگ و بەربەست لەبەردەم کەرتی گەشتوگوزار و بوژاندنەوەی ئەو کەرتە ئابوریە گرنگەدا هەن، لەوانە، خراپی ژێرخان و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست، لاوازی و پەراوێزی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، نەبوونی هوشیاری گەشت و کەلتوری گەشتوگوزاری.
**٢- توێژینەوەی شەماڵ عەلی مارف، ڕێباز لوقمان مصطفی، نوشیروان عمر ڕەشید(٢٠١٩) بە ناونیشانی (بایەخی گەشتوگوزار بنەما مێژوویی و شوێنەواری و ئاینییەکان لە هەورامان، بە بەکارهێنانی GIS.**

له دیارترینی ئەو ئامانجانەی توێژینەوەکە هەڵبژاردوون بریتین لە لێکۆڵینەوەی ورد و قووڵ، بۆ بنەما مێژوویی و ئاینییەکانی ناوچەی هەورامان، بە ئامانجی بەکارهێنانیان لە گەشەپێدانی چالاکی گەشتوگوزاری لە پارێزگای هەڵەبجەدا، بەتایبەتی لە گەشتوگوزاری کەلتوری و ئاینیدا.

توێژینەوەکە دواجار گەیشتوە بەکۆمەڵێک ئامانج دیارترینیان:

- ناوچەی هەورامان دارای شوێنەواری مێژوویی و ئاینی و کەلتوری گرنگە، کە دەتوانرێت بۆ بواری گەشتوگوزار سودی تەواوی لێوەربگیرێت.

- شوێن و پێگەو جوگرافیای هەورامان بۆ گەشت سازەو بەشێوەیەکە کەدەتوانێت گەشتیار لە ئێران لەلایەک و لە ناوخۆ و باشوری عێراق و جیهانەوە بۆخۆی ڕابکێشێت.

- کۆمەڵێک ئاستەنگ و بەربەست هەن لەبەردەمیدا، کەڕێگرن لەبەردەم گرتنەخۆی گەشتوگوزاری زۆر، بۆیە پێویستی بە خزمەتگوزاری و دەوڵەمەندکردنی ژێرخان هەیە، کەپێویستە حکومەت و کەرتی تایبەت لەم ڕووەوە بێنە پێشەوە.

**٣- توێژینەوەی ابتسام منزري ، مريم شطيبي محمود، أسماء فرادي(٢٠٢٢) بە ناونیشانی: ڕۆڵی کەلەپووری کەلتوری لە پاڵپشتیکردن و پەرەپێدانی گەشتوگوزار، لێکۆڵینەوەیەکی کەیسی (دراسە حالە) لە تورکیا.**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی چەمکی کەلەپووری کەلتوری و گەشتوگوزاری، هەروەها گرنگی کەلەپوور و کەلتور لە پرسی گەشتوگوزاردا و پەیوەندییەکانی بە گەشتوگوزار لە ڕێگەی ئەوەی پێی دەگوترێت گەشتوگوزاری کەلتوری، هەروەها توێژینەوەکە تیشکی خستوەتە سەر ئەو ڕادەیەی کەلەپوور و کەلتور لە گەشەپێدانی گەشتوگوزاردا، لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەو ئەزمونەی کە تورکیا خاوەنیەتی:

بۆ وەڵامدانەوەی کێشەی توێژینەوە و گەیشتن بە ئامانجەکانی، میتۆدی شیکاری وەسفی بەکارهێناوە

بۆ وەسفکردنی مانای کەلەپووری کلتوری و گەشتوگوزار ڕاستەوخۆ بەشێوەی توێژینەوەی کەیسی، (دراسە حالە) بابەتەکەی تاوتوێکردووە، لەگرنگترین ئەو دەرەنجامانەی پێیگەیشتوە:

- کەلەپوورو کەلتوری ڕەسەن پەیوەندی نێوان ڕابردوو و ئێستای گەلەکانەو سەرمایەیەکی گرنگە دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ ڕاکێشانی گەشتیار.

- کەلەپوور و کلتوری گەورەی تورکیا و ستراتیجی گەشتوگوزاری یارمەتیدەر بووە لە ڕاکێشانی گەشتیاران لەسەرئاستی ناوخۆیی و دەرەکی و بەدەستهێنانی داهاتی باش کە تێکڕای داهاتی بەرزکردوەتەوە.

**٤- توێژینەوەی صالح بن قربة و فتحية شلوق(٢٠١٤) بە ناونیشانی: تەلارسازی وشوێنەوارە ئاینیەکان، لە ناوچەی زاب و خواستی بەگەڕخستنی لە گەشەپێدان گەشتوگوزار ئاینی، لە وڵاتی جەزائیر.**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بووە لە پیشاندانی دیارترین ئەو پاشماوە شوێنەواریە دێرینیە ئاینیانەی کە خاوەنی تەلارسازیەکی دەگمەن و جوانن لە ناوچەی زاب لە وڵاتی جەزائیر و


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

دووباره خستنەڕووی گرنگی و بایەخیان و پێشنیارکردنی ژیاندنەوەیان بەشێوازێک سوودی زیاتری گەشتوگوزاریان هەبێت.
ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستوە، دواجار گەیشتوە بەکۆمەڵێک ئەنجام: ناوچەی زاب ناوچەیەکی شوێنەواری گرنگە، لەنێویاندا دارای چەندان شوێنەواری مێژوویی ئاینییە. هەروەها ئەو شوێنەوارە مێژووییانە دارای تەلارسازیەکی دەگمەن و دانسقەن، کە بۆ سەردەمی سەرەتاکانی ئیسلام و پاشان تەلارسازی عوسمانی دەگەڕێنەوە. پشتگوێخستنێک و کەمی هوشیاری لەبایەخ و گرنگی ئەم شوێنەوارانە هەیە، بۆیە پێشنیار دەکات کەلایەنی پەیوەندیدار گرنگی پێبدەن و زانکۆکان بێنە سەرخەت توێژینەوەی پێویست و شایاو بکەن لەوبارەوە، راگەیاندنەکان و میدیا رۆڵی ئەرێنی بگێڕن.

## تاوتوێی توێژینەوەکان:

ئەم چوار توێژینەوانە، کە دوانیان لە سەر پارێزگای هەڵەبجەو لەهەرێمی کوردستان ئەنجام دراون، ئەگەرچی لێکۆڵینەوەیەکن سەر بە ڕشتەی جوگرافیا، بەڵام لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەی ئێمەدا زۆر نزیکن لەڕووی ئامانج و دەرەنجامەوە، ئەوەش لەبەرئەوەی لەسەرهەمان بابەتن لەهەمان پارێزگا، بەڵام میتۆد و شێوازی وەرگرتنی سامپڵ و شیکاری لێکۆڵینەوەکان جیان.
هەرچی توێژینەوەی سێیەمە لە تورکیا ئەنجامدراوە، لەڕووی ئامانجەوە لەوەی کە گرنگی و بایەخی گەشتوگوزاری کەلتوریە، نزیکی هەیە، پاشان لەدەرەنجامدا گرنگی هوشیاری گەشتوگوزار لەو کەرتەو بایەخی ئەوکەرتە لەڕووی بژێوی و ئابوری خەڵکی ناوچەکەوە، نزیکن.
هەرچی توێژینەوەی چوارەمە لەورووەوە کە دەست بۆ تەلارسازی و شوێنە پیرۆزو ئاینیەکان دەبات و بایەخو گرنگی گەشتوگوزار دەردەخات لەم توێژینەوەیەی ئێمەوە نزیک بوو، بەڵام لە جۆری میتۆد شوێن و فیلدی لێکۆڵینەوەوە دیارە جیاوازیەک هەیەو روونە. لەوەشدا کە هەریەکەیان شوێن بابەتی توێژینەوەکەیان جیایە، لە گەڵ توێژینەوەکەی ئێمە لێکدوورن! بەڵام دواجار بۆ ئەم توێژینەوەیەو هەنگاو هەڵگرتن لێیەوە سودیان لێبینراوە.

## چوارەم: گرنگی گەشتوگوزار و جۆرەکانی گەشتوگوزار

گەشت، یەکێکە لە دیارترین چالاکیە مرۆییەکان، ئەمڕۆ لەسەرئاستی جیهانی دەرکەوتی هەیە، لەهەمانکاتدا بایەخو گرنگی خۆی هەیە، چونکە پەیوەندییەکی نزیکی بە خۆشی و هەمەچەشنی ژیانەوە هەیە، هەروەها خاڵی کۆبوونەوەی نێوان کەلتورە جیاوازەکانە کە ڕێگە بە گەشەپێدانی بەها ئاکاری و مرۆییەکان و ڕۆشنبیری و سۆزدارییەکان دەدات، بەبێ ئەوەی کاریگەری گەشت لەسەر ئابوری ئەو ناوچانە لەبیر بکەین، کە ئەم چالاکییەی تێدا ئەنجام دەدرێت.(ماهر السيسي، ٢٠٠١: ١٥.) کە لێرەدا بەکورتی گرنگی گەشتوگوزار و جۆرەکانی گەشتوگوزار، دەخەینە بەرباس:

### ١-گرنگی گەشتوگوزار

گومانی تێدا نیە کە کەرتی گەشتوگوزار یەکێکە لە گرنگترین کەرتە ئابورییەکانی وڵاتان، بەتایبەتی لەڕووی داهاتی ساڵانەیان کە لەگەشتوگوزار بەدەستیدەهێنن بەهەموو شێوە و

جیاوازییەکانیانەوە ئەمەش وایکردووە وڵاتانی خاوەن گەشتوگوزار سەرنج لەسەر ئەم بوارە بدەن و لەهەموو ڕوویەکەوە بایەخی پێبدەن، بەتایبەتی لەپێکهێنانی هوشیاری گەشتوگوزاری لەئاستی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گەشتیاران و ڕاکێشانیان کە ڕێگە بە پێکهێنانی هوشیاری تاک دەدات لەڕووی کۆمەڵایەتی و کەلتورییەوە، لەچۆنیەتی قبووڵکردنی گەشتیاران و میوانداریکردنیان وخزمەت و ڕێزلێگرتنیان، هەربۆیە قسەکردن و خستنەڕووی بایەخ و گرنگی گەشتوگوزار و کەرتی گەشتوگوزار پێویستیەکی سەردەمیانەیە ،چونکە پەیوەستە بە گەشەکردنی گەشتوگوزار و دیاریکردنی ماوەی بەشداریی ئەم کەرتە لە ئابوری نیشتیمانیدا، ئەمە نەك تەنها لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان، بەڵکو لە وڵاتانی تازە گەشەسەندوشدا بەڕوونی بەرجەستە بووە ، ئێمە لێرەدا بەکورتی گرنگی ئەم کەرتە بەخاڵ دەخەینە بەرچاو:

**١-گرنگی ئابوری :**

ئامانجی بنەڕەتی لە بونیادنانی پیشەسازی گەشتوگوزاری دەستەبەرکردن و زیادکردنی بەرهەمی ئابوری و کۆمەڵایەتی یە لەم پیشەسازییە بەگوێرەی دەوڵەت وکۆمەڵگەو تاکیشەوە لەگەڵ پاراستنی دەرامەتە سروشتی و گەشتوگوزار و مرۆیی و هونەر ی کۆمەڵایەتییەکان، لە کاریگەری فاکتەرە نەرێنییەکان کە گەشە دەکەن لە دەرەوەی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار ڕێگەپێدراو .( نادية و آخرون، ٢٠٠٥-٢٠٠٦ ، ٥٠ ).

بەگشتی گرنگترین شوێنەوارە ئابورییەکانی گەشتوگوزار بریتین لە:

ا- بەدەستهێنانی دراوە بیانییە بەهابەرزەکان.

ب-دابینکردنی هەلی کار و چارەسەری بێکاری.

ت-تەواوکاری ئاسۆیی و ستوونی لە نێوان بەشە ئابورییەکاندا.

پ-بەرەوپێشچوونی بارودۆخی تەرازووی پارەدان.

ج-زیادکردنی بەرهەمی نەتەوەیی.

ح-گەیشتن بە هاوسەنگی هەرێمایەتی. (غنيم و سعد ،٢٠٠٣، ل ٣٧-٤٢) .

**-گرنگی کەلتوری وژیاری:**

گەشتوگوزار، دیاردەیەکە دادەنرێت بە ئامرازێکی ژیاری و کۆمەڵایەتی، بۆ گواستنەوە و گۆرینەوەی کەلتور و شارستانیەت لە نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، هەروەها لە ڕێگەیەوە ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری و مەعریفی لە نێوان خەڵکانی وڵاتە جیاوازەکاندا دەکرێت وەك (زمان-دابو نەریت-ئەدەب و هونەر ).

لەگەڵ ئەوەی کەلتوری گەشتوگوزار، یەکێکە لە بنەماکانی پەرەپێدان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، هەروەها جوڵەی گەشتوگوزاری. بزاوتی گەشتوگوزاری هەردەم لە زیادکردنی ڕۆشنبیری گشتی و پەرەپێدانی هوشیاری گشتیدا بەشدارە، وەک چۆن لەهوشیاری ئابوریدا پشکی سەرەکی هەیە، بەتایبەت لایەنی داهاتی گەشتوگوزار، هەروەها زەمینەیەکی باش دەڕەخسێنێت بۆ پلاندانانی تەواوکاری ئابوری نەتەوەیی و چۆنیەتی سود وەرگرتن لە کەرتی گەشتوگوزار . ( الحديثي،٢٠٠٧ ، ٣٦٩)



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

-**گرنگی سیاسی:**

گرنگی گەشتوگوزار لەڕووی سیاسی یەوە وەکو کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆیە لە ڕەفتاری دەوڵەتێك لەگەڵ دەوڵەتانی تر لە سەردانە گەشتیارییەکان و ئاڵوگۆڕی نێوانیان، هەروەها دەتوانن یاری بە جوڵەی گەشتوگوزار بکەن و ئەمەش ڕۆڵی گرنگی هەیە لە پەیوەندی نێودەوڵەتی، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بواری گەشتوگوزار کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە کەمکردنەوەی ململانێ و ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان کە سەریهەڵداوە لە نێوان دەوڵەتە ناکۆکەکاندا، چونکە گەشتوگوزار یەکێکە لە هێماکانی ئاشتی و پێکەوە ژیان لە نێوان دەوڵەتاندا .( منزري وآخرون،٢٠٢٢، ١١٧)

- **گرنگی ژینگەیی و ئاوەدانی :**

گەشتوگوزار کاردەکات بۆ وەبەرهێنانێکی نمونەیی دەرامەتە سروشتییەکان وپاراستنیان و بەکارهێنانیان لە بەرزکردنەوەی سەرمایەی نیشتیمانیدا ، چالاکییە گەشتوگوزارییەکان کاردەکات لەسەر پلاندانان و ڕیکخستنی نوێ لە بەکارهێنانی زەوی بەجۆرێك کە زۆرترین قازانجی هەبێت و کەمترین پاشماوەی خراپ لەسەر ژینگە بەجێبهێڵێت ، لەگەڵ ئەوەشدا چالاکی یە گەشتوگوزارییەکان گرنگی بە بواری جوانکاری ناوچە گەشتوگوزاریەکان دەدات لەڕووی جوانی سروشت و خزمەتگوزارییە مرۆییەکانەوە.( غنيم و سعد ، ٢٠٠٣ ، ل٤٢ )

## ٢- جۆرەکانی گەشتوگوزار

گەشتوگوزار وەکو خۆی دەستەواژەیەکە بە پرۆسەی گواستنەوەی خەڵک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەوترێت، ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کە لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجام دەدرێت کە پێیان دەگوترێت سەردانکەر، یان گەشتیار، کە چالاکی گەشتوگوزار ئەنجام دەدەن بۆ ماوەیەکی کەمتر لە ساڵێک ؛ بۆ ئەنجامدانی مەبەستێکی سەرەکی. گەشتوگوزار جۆر و شێوەی جیاوازی هەیە، لەوانە : گەشتوگوزار پەروەردەیی ، چارەسەری ، وەرزشی ، تەندروستی و پراکتیکی ، و لە بیرۆکەی گەشتکردن تێدەپەڕێت تەنها لە پێناو بەسەربردنی کاتی پشوو (ملوخية،٢٠٠٧: ٤٤)کە لێرەدا چەند جۆری گەشتوگوزار بەکورتی دەخەینە بەرچاو:

ا- **گەشتوگوزار کەلتوری :** گەشتیار تیایدا گرنگی بە سەردانیکردنی شوێنە شوێنەوارییەکان، مۆزەخانە، شارە مێژووییەکان و فیستیڤاڵە کەلتورییەکان دەدات. دیارە لایەنی کەلتوری گەشتوگوزارر، گرنگترین توخمی کەرتی گەشتوگوزاری تێدایە کە توخمی مرۆییە بە کەسایەتی و ناسنامەی خۆیەوە، وڵاتی گەشتوگوزار دەیەوێت بە شێوەیەکی پۆزەتیف سوودی لێ وەربگرێت لە گەشەپێدانی گەشتوگوزاردا و دەوڵەتانیش هەوڵ دەدەن لە وڵاتەکانیاندا یارمەتی ئەم کەرتە بدەن بۆ پاراستنی کەلەپووری بەرجەستە و نابەرجەستە بۆ نەوەکانی داهاتووی دوای خۆی.( الظاهر و الياس، ٢٠٠٧ ،ل ٣١ ).

ب-**گەشتوگوزار رابواردن:** گەشتیار تیاید ئامانجی پشوودان و کات بەسەربردنە، وەک چوون بۆ کەنار دەریا و پارک و سەیرانگاکان.

ت- **گەشتوگوزاری ژینگەیی:** پەیوەندی بە سەردانیکردنی ناوچە

سروشتييەسەرنجراکێشەکانەوە هەیە، بەبێ زیانگەیاندن بە ژینگە و دانەکانی سرووشت، وەک هاوینەهەوارەکان.

**پ- گەشتوگوزاری ئاینی:** گەشتیار تیایدا بەلایەوە گرنگە کە سەردانی شوێنە پیرۆزەکان و شوێنە ئایینیەکان بکات، کە بەلای خۆیەوە یان خەڵکانێکەوە پیرۆز و بەبەهان، وەک مەککەو مەدینە، نەجەف و کەربەلا، ئۆرشەلیم و ڤاتیکان.

**ج- گەشتوگوزاری پزیشکی:** گەشت کردن بە مەبەستی چارەسەر یان ڕابواردنی تەندروستی وەک کانیاوی کانزایی و نەخۆشخانە بیانیەکان.

**ح-گەشتوگوزاری سەرکێشی:** چالاکیەکانی وەک شاخەوانیی، مەلەکردن، خلیسکێنەی سەر بەفر لەخۆ دەگرێت.

**خ-گەشتوگوزاری پەروەردەیی و زانستی:** گەشتیار گەشتەکەی بە مەبەستی فێربوون دەکات، وەک خوێندن لە دەرەوەی وڵات، بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنان یان فێربوونی زمان.

**د-گەشتوگوزاری بازرگانی:** گەشتکردن بۆ بەشداریکردن لە پێشانگا، کۆنفرانس، کۆنگرە یان دانوستانەکانی بازرگانی دەگرێتەوە.

## ٣- گەشتوگوزاری کەلتوری:

ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانی (UNWTO) گەشتوگوزار کەلتووری بەم شێوەیە پێناسە کردووە:

جۆرێکە لە چالاکی گەشتوگوزار بە پاڵنەری کەلتووری کە لەلایەن گەشتیارانەوە ئەنجام دەدرێت، وەک گەشتکردن بۆ فێربوون دەربارەی کەلەپوور، هونەر، دابونەریت، ڤیستیڤاڵ، شوێنەوارە مێژوویی و کەلتوورییەکان.

(UNWTO, 2006, Tourism and Culture Synergies)

**جۆرەکانی گەشتوگوزار کەلتوری:**

**گەشتوگوزار کەلەپووری کەلتوری:**

سەردانی شوێنە شوێنەوارییەکان و شوێنەوارە مێژووییەکانی وەک قەڵا، کۆشکەدێرینەکان و شارە دێرینەکان. نموونە: سەردانی شاری دێرینی بابل لە عێراق، یان ئەهرامەکان لە میسر.

**گەشتوگوزار ئایینی:**

سەردانی شوێنە ئاینییەکان بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسم یان فێربوون دەربارەی مێژووی ئایینەکان.بۆ نموونە: سەردانی کەربەلا یان نەجەف لە عێراق، یان ڤاتیکان لە ئیتاڵیا.

**گەشتوگوزار ڤێستیڤاڵ و بۆنە کەلتوورییەکان:**بەشداری کردن لە بازاڕەکانی مۆسیقا، فیلم، شانۆ و کەلەپوور.بۆ نموونە ڤیستیڤاڵی جەنادریە لە سعودیە، یان فێستیڤاڵی فاس بۆ مۆسیقای پیرۆز لە مەغریب.

**گەشتوگوزار هونەری:** سەردانی مۆزەخانە و گەلەری و نمایشی شانۆیی و فیلم. نمونە: مۆزەخانەی لۆڤەر لە پاریس، یان ئۆپێرای دەوڵەتی ڤیەننا.

**گەشتوگوزار ئەدەبی و ڕۆشنبیری:** سەردانی شوێنەکانی پەیوەست بە ژیانی نووسەران و

ڕۆشنبیران یان بەشداریکردن لە سیمینار و کۆڕی ڕۆشنبیری. نمونە: سەردانی گۆڕی موتانابی یان گوندی شکسپیر لە ئینگلتەرا.

**پیشە و گەشتوگوزاری بەناوبانگ**: کارلێک لەگەڵ پیشەسازی نەریتی وەک فەرش، سیرامیک و خشڵی خۆماڵی. بۆ نموونە: سەردانی بازاڕی قەیسەریە لە کەربەلا یان بازاڕی مس لە حەلەب بکەن.

## تەوەری دووەم: لایەنی مەیدانی

هەر توێژینەوەیەكی زانستی داخوازی دیاریكردنی كۆمەڵێك هەنگاوی ڕۆشن و میتۆدی گونجاوە بۆ بابەتەكەی و گەیشتن بە ئامانجەكانی. لەبەرئەوە توێژەران هەنگاوە زانستییەكان و دیاریكردنی میتۆد و داتاو شیكاریەكانیان، لەم بەشەی لایەنی مەیدانیدا بە ڕۆشنی دیاریانكردووە و بەم شێوەیەی خوارەوە خستویانەتەڕوو:

یەكەم: كۆمەڵگەی توێژینەوەو ڕێكارە مەیدانیەكان

دووەم: خستنەڕوی داتا و زانیاریە چەندایەتییەكان و شیكاریكردنیان، سەرباركردنی چەندایەتیەكان بۆیان.

سێیەم: ئەنجام و ڕاسپاردەكان

### یەكەم: كۆمەڵگەی توێژینەوەو ڕێكارە مەیدانیەكان

**١.كۆمەڵگەی توێژینەوەكەResearch community:** دیاریكردن و هەڵبژاردنی كۆمەڵگەی توێژینەوە، یەكێكە لە ڕەگەزە بنچینەییەكانی توێژینەوەی زانستی، كە بایەخی پێناسی كۆمەڵگەی توێژینەوە كەمتر نیە لە داڕشتنی پرسیارو ئامانجەكانی توێژینەوە (الجزولي، و الدخيل،٢٠٠٠: ١٠١).

مەبەست لەدیاریكردنی كۆمەڵگەی توێژینەوە، زانین و پەیبردنی تەواوی توێژەرە بە سنوری جوگرافی وكاتی ئەو كۆمەڵگەیەی كە توێژەر لێتوێژینەوەی لەسەردەكات لەگەڵ یەكە پێكهێنەرەكانی. كەمەرجی بنچینەیی دیاریكردنی جۆری نمونەی توێژینەوەكەیەتی. كۆمەڵگەی توێژینەوەی ئەم توێژینەوەیە ئەو گەشتیارانەن كە ڕوویان لە شوێنە دیارەكانی هەڵەبجە كردوە بۆگەشتوگوزار.

### ٢. نمونەی توێژینەوەكە Research sample

خشتەی (١) ژمارەی سامپڵی ناو كۆمەڵگەی توێژینەوەكە ڕوندەكاتەوە

| شوێن | ناوەندی پارێزگا | خورماڵ | بیارە | ناوچەی نەورۆلی | تەوێڵە | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ١٠ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | ٥٠ |
| ڕێژە٪ | ٢٠ | ٢٠ | ٢٠ | ٢٠ | ٢٠ | ٪١٠٠ |

لەم توێژینەوەدا (٥٠) گەشتیار، كەسەردانی ناوچەگەشتوگوزارەكانی سنوری پارێزگاكەیان كردوە، وەك سامپڵ وەرگیراون، كە توێژەران بە هەڕەمەكی لەوكاتانەی كە سەردانی ناوچەكەیان كردوە ڕاستەوخۆ (١٠)فۆڕمی ڕاپرسییان لە هەرناوچەیەكی گەشتوگوزار پڕكردوەتەوە، لەكاتی پڕكردنەوەی فۆڕمەكاندا پشتیان بە ئامادەبوونی گەشتیار بەستوە لەو شوێن و كاتەدا، نەك جێندەر، وەك لە خشتەی (١) ڕوونكراوەتەوە.

### ٣. بوارەكانی توێژینەوەكە Research areas

ا- **بواری شوێنی:** شوێنە دیارە گەشتوگوزارەكانی پارێزگای هەڵەبجە(ناوەندی پارێزگا(چاوگ، گوڵان، مۆنۆمێنتی هەڵەبجە) خورماڵ(ئەحمەداوا ، مزگەوتی گەورەی خورماڵ)، بیارە (خانەقاكانی، بازارچەی مێشلە، تەوێڵە)، ناوچەی نەورۆلی.

**ب- بواری مرۆیی:** گەشتیارانی ئامادەبوو لە هەردوو ڕەگەزی(نێر- مێ) لە ناوچەگەشتوگوزارەکان.

ت- بواری کات: مەبەست لێرەدا لەکات، ئەوماوەیەیە کە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامداوە. ماوەی نێوان(٢١-٣-٢٠٢٤ بۆ ١٠-٤-٢٠٢٤) خایاندوە.

**٤.کەرەستەکانی کۆکردنەوەی داتاکان:** بۆ ئەم توێژینەوەیە توێژەران پشتیان بە فۆرمی ڕاپرسی بۆ دەسکەوتنی زانیاری چەندی، هەروەها چاوپێکەوتنی کراوە بۆ دەسکەوتنی زانیاری سەرباری چۆنیەتی. بۆ نموونەی چاوپێکەوتنەکە توێژەران سودیان وەرگرتوە لە ٤ پسپۆڕو خاوەن ئەزمون لەکەرتی گەشتیاری، کەتیایاندا بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری هەڵەبجە هەبوەو پرسیاری توێژینەوەکەی ئاراستەکراوە. ئەو جوار کەسە کە پسپۆری و هێمایان بۆ دانراوە. لە بری ناو وەک لەم خشتەدا هاتوە.

خشتەی ژمارە (٢) زانیاری پێویستی سامپڵی چاوپێکەوتنەکان

| ز | هێما | پیشە وچالاکەوان وپسپۆری |
|---|---|---|
| ١ | چ،ق،٢٠٢٥ | بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری هەڵەبجە |
| ٢ | ج. ح،٢٠٢٥ | ئەندامی ڕێکخەر لە ڤیستیڤاڵی کەلتوری هەورامان |
| ٣ | ڕ.ل. ٢٠٢٥ | پسپۆڕ و خاوەنی بڕوانامەی باڵا لە گەشتوگوزار |
| ٤ | ح،م، ٢٠٢٥ | ئەندامی ڕێکخەر لە ڤیستیڤاڵی هەنار |

## دووەم: خستنەڕوی داتا و زانیارییە چەندایەتییەکان و شیکاریکردنیان، سەربارکردنی چۆنایەتیەکان.

### ١. تایبەتمەندیەکانی نمونەی توێژینەوەکە

**تەمەن:** هەردەم ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت لە ڕەفتارەکانی مرۆڤدا، زۆرجار دیاریکەری تەنانەت جۆری ڕەفتارو ئاست و ڕێژەی جیای دەرکەوتنی ڕەفتارە هەمەچەشنەکانی مرۆڤە، بەدەر لەوەی بۆ خۆی تەمەن کاریگەری تەواوی لەسەر ئاست و جۆری بیرکردنەوەو حەزو جووڵەو بزاوتەکانی هەیە.

خشتەی (٣) تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە، ڕوندەکاتەوە

| تەمەن بەساڵ | ٢٠-٢٩ | ٣٠-٣٩ | ٤٠-٤٩ | ٥٠بەرەو سەر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٧ | ٢٢ | ١٢ | ٩ | ٥٠ |
| ڕێژە% | ١٤ | ٤٤ | ٢٤ | ١٨ | ١٠٠% |

بەپێی داتا٥کانی خشتەی ژمارە (٣) ڕێژەی (١٤%) بەشداربووان، ئاستی تەمەنیان لەخوار تەمەنی ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵیە، ڕێژەی (٤٤%) تەمەنیان لە نێوان ٣٠بۆ ٣٩ ساڵ و ڕێژەی (٢٤%) تەمەنیان لە٤٠ بۆ ٤٩ ساڵەوەیە هەروەها ڕێژەی (١٨%) تەمەنیان لەسەرو ٥٠ ساڵەوە . بە پێی داتاکانی ناو خشتەکە، زۆرترینی سامپڵ تەمەنیان لە نێوان (٣٠ بۆ ٤٠ ) ساڵدایە . لەمەشەوە دڵنیادەبین کە تەمەن پەیوەندییەکی ئەرێنی و جەختکەرەوەی هەیە لەگەڵ ئەنجامدانی گەشت و چالاکی گەشتوگوزار، تاچەندە مرۆڤ تەمەنی زیاتر بێت و ئەزمونی ژیانی کۆمەڵایەتی زیاتر بکات لەو چالاکیە دووردەکەوێتەوە.

**شوێنی نیشتەجێبوون:** بەپێی داتاکانی خشتەی ژمارە (٤) ڕێژەی (٦٢%) سامپڵ، دانیشتوی ناوەندی پارێزگان و ڕێژەی (٢٢%) نیشتەجێی قەزان و ڕێژەی (١٠%) نیشتەجێی ناحیەن ڕێژەی (٦%) نیشتەجێی گوندن.

خشتەی ( ٤) شوێنی نیشتەجێبوونی سامپڵ، ڕوندەکاتەوە

| شوێنی نیشتەجێ بوون | ناوەندی پارێزگا | قەزا | ناحیە | گوند | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٣١ | ١١ | ٥ | ٣ | ٥٠ |
| ڕێژە% | ٦٢ | ٢٢ | ١٠ | ٦ | ١٠٠ % |

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە قەرەباڵغی ژینگەی شارەکان، بە پارێزگاو قەزاکانەوە کاریگەریەکی هەیە لەسەر جوڵەی گەشتوگوزار لەهەرێمی کوردستان، هەروەها بەپێی چاوپێکەوتنانەی کە توێژەر ئەنجامی داون هۆکاری نەبوونی گەشتیار لەناحیەو گوندەکان سەرقاڵی خەڵکی گوندەکانە یاخود کەمبوونەوەی دانیشتوانی گوندەکانە لەکوردستان و ئاستی لاوازی بژێوی گوندنشینانە

لەوبوارەوە، بەپێچەوانەی دانیشتوانی ناوەندی پارێزگاو شارەکان. بەرای توێژەران کەمی ژمارەی گەشتیار لەگوندەکانەوە بۆ ئەم ناوچەیە، بۆ ئەم دوو خاڵە دەگەڕێتەوە:

یەکەم: وابەستەیی خەڵکی گوندەکان بە سروشتی جوانی گوندەکانیانەوە کە بۆخۆی وەک ناوچەیەکی گەشتوگوزار وایە.

دووەم: کەمبوونەوەی دانیشتوانی گوندەکان و سەرقاڵی تەواویان بە بژێوی ژیانیانەوە، بەجۆرێک نایانپەرژێتە سەر بواری گەشت و بەشداری چالاکیە کەلتوریەکان.

سێیەم: - خۆشگوزەرانی و قەرەباڵغی شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، فاکتەری جوڵەی گەشتیارین بۆ پارێزگای هەڵەبجە.

**ئاستی زانستی نموونەی توێژینەوەکە:** بەپێی داتاکانی خشتەی ژمارە (٥) ڕێژەی (١٤%) بەشداربووان، ئاستی بڕوانامەی بنەڕەتیان هەیە و ڕێژەی (٢٢%) بڕوانامەی ئامادەیی و ڕێژەی (١٦%) ئاستی دیبلۆم هەروەها ڕێژەی (٤٢%) بروانەی بەکالۆریۆس و تەنها ڕێژەی (٦%) ی بەشداربووان خاوەنی بڕوانامەی سەرووی (بەکالۆریۆس)ن.

خشتەی ( ٥) ئاستی زانسی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| ئاستی زانستی | بنەرەتی | ئامادەیی | دیبلۆم | بەکالۆریۆس | خ.باڵا | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٧ | ١١ | ٨ | ٢١ | ٣ | ٥٠ |
| رێژە% | ١٤ | ٢٢ | ١٦ | ٤٢ | ٦ | %١٠٠ |

**سەردانی زیاتر لەجارێکی سامپڵ، بۆ پارێزگای هەڵەبجە بەمەبەستی گەشت:**

بەپێی داتاکانی خشتەی ژمارە (٦) ڕێژەی (٨٨%) سامپڵ، سەردانی زیاتر لە جارێک بۆ مەبەستی سەیران و گەشتی جیایی شوێنە گەشتوگوزارەکانی پارێزگای هەڵەبجەیان بەسەرکردووەتەوە، ڕێژەی (١٢%) نەخێر بۆ تەنها بۆ سەیرانی ئەوسەیرانگایانە دێین کات بەسەرببەین.

خشتەی ( ٦) سەردانی زیاتری سامپڵ، بۆ گەشتوگوزار و سەردان بۆ پارێزگای هەڵەبجە، ڕوندەکاتەوە

| بژاردە | بەڵێ | نەخێر | کۆ |
|---|---|---|---|
| ژمارە | ٤٤ | ٦ | ٥٠ |
| ڕێژەی سەدی | ٨٨ | ١٢ | ٪١٠٠ |

پاڵپشت بەو چاوپێکەوتنانەی کە توێژەران بۆ هەمان مەبەست کردبوویان، هۆکارە جیاوازەکانی ڕووکردنە گەشتیار بۆ پارێزگای هەڵەبجە، زیاتر لەجارێک بۆ ئەم چەند خاڵە دەگەڕێتەوە:



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

١- بوونی ناوچەی گەشتوگوزاری سروشتی سەرنجڕاکێش: هەڵەبجە بە شوێنە شاخاوییە جوانەکانی، هاوینەهەوار و ڕووبارەکانی دەناسرێتەوە، کەوای لێکردووە شوێنێکی سەرنجڕاکێش بێت بۆ ئەوانەی کە حەزیان لە جوانی سروشت و ئارامی هەیە.

٢- گرنگی مێژوویی و بوونی سیمبولی خەباتی شەهیدان: مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجە یەکێکە لە دیارترین شوێنەوارەکان کە سەردانکەران سەردانی دەکەن و سیمبولی تراژیدیای ساڵانەی کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨ دەکات. زۆرێک لە گەشتیاران بە مەبەستی مرۆڤایەتی و هاوسۆزی سەردانی شارەکە دەکەن.

٣- کەلتوری ڕەسەن و دەوڵەمەندی ناوچەیی: هەڵەبجە لەڕووی زمان و مۆسیقا و جلوبەرگ و دابونەریتەوە کەلتورێکی ڕەسەنی کوردی لەخۆدەگرێت تا ئەمڕۆش پارێزراوە، بەتایبەتی ناوچەی هەورامان، کە حەزی گەشتیاران بۆ تەماشەو ناسینی ئەم کەلتورە دەوروژێنێت.

٤- سەردانی ئایینی و بوونی مەرقەدو مەزارە ئاینیەکان: ئەم ناوچەیە مەزارگە و شوێنی ئایینی تێدایە کە هەندێک گەشتیار لە ناوەوە و دەرەوەی ناوچەکە پاسەندی دەکەن و سەردانی خانەقاکانی شێخەکانی هەڵەبجەو هەورامان و هەروەها مەزارەکانی هاوارو یارسان ساڵانە هەزاران گەشتیار پەلکێش دەکەن.

٥- ئارامی و سەلامەتی و هەرزانی گەشتوگوزار: بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تر، هەڵەبجە شارێکی ئارام و سەلامەتە و بەبەراورد بە شوێنەکانی تر تێچووی گەشتکردن تیایدا کەمترە، ئەمەش هاندەرێکی باشی گەشتیارانە کە زیاتر ڕوو لەم پارێزگایە بکەن . (ر. ل. ٢٠٢٥)

## لایەنی کەلتوری سەرنجڕاکێشی یەکەم و هاندەر بۆ ڕاکێشانی گەشتیار:

بەپێی خشتەی (٧) لایەنی سەرنجڕاکێشی یەکەم و هاندەری ڕاکێشنای گەشتیاران بۆ پارێزگای هەڵەبجەو سەردانی چەندبارەیان، بەمشێوەیە هاتوە، لە ڕیزبەندی یەکەمدا، بوونی سەیرانگەی جوان و سەرنجڕاکێش هۆکاری ڕاکێشانی گەشتیارە، کەڕێژەی (٤٠٪) سامپڵ ئەوبژاردەیان دیاریکردوە، بەپلەی دووەم و ڕێژە (٢٠٪)سامپڵ، ڤیستیڤاڵە جۆراوجۆرەکان بە فاکتەری ڕاکێشانی گەشتیارن بۆ سنوری پارێزگای هەڵەبجە، پاش ئەوان بە پلەی سێەم و چوارەم و پێنجەم(کەرەستەو شمەکە کەلەپووریەکان، شوێنەوارە ئاینیەکان، شوێنەوارە مێژوویەکان)ن.

خشتەی ژمارە (٧) لایەنی کەلتوری سەرنجڕاکێشی یەکەم و هاندەر بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بۆسنوری هەڵەبجە

| ز | شوێنەوارە مێژوویەکان | شمەکە کەلەپووریە کان | شوێنەوارە ئاینیەکان | ڤیستیڤاڵە جۆراو جۆرەکان | سەیرانگە سروشتیەکان | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٣ | ٩ | ٨ | ١٠ | ٢٠ | ٥٠ |
| ڕێژە٪ | ٦ | ١٨ | ١٦ | ٢٠ | ٤٠ | ٪١٠٠ |

هاوکات زانیاریە چۆنیەتیەکانی دەسکەوتو لە چاوپێکەوتنەکان، باس لەوەدەکەن، کە پارێزگای هەڵەبجە خاوەنی کۆمەڵێک ناوچەو بابەتە کەوەک سەرچاوەی گرنگی گەشتوگوزارن و سەرچاوە کەلتوریەکان بنەمایەکی گرنگ پێکدەهێنن لەو بوارەدا:(پێمانوایە کەلەپور و کەلتوری

ناوچەکە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت بۆ برەوسەندن و بوژانەوەی گەشتوگوزاری پارێزگاکە و هەردەم لایەنێکی گرنگی سەرنجڕاکێشی گەشتیار بووە، هەروەها سەرجەم لایەنەکانی کەلتورو مێژوویەکانی ناوچەکە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوە، نموونە لەوانەش: ئەشکەوتی خان ئەحمەد خانی زەڵم و پەرستگای کاکەییەکان لەگوندی هاوار و خانەقاکانی بیارەو باخەکۆن و تەوێڵە و مەزاری پیاوچاك و ناودارانی ناوچەکە وەک مەرقەدەکانی شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی لە بیارەو تەوێڵەو باخەکۆن، پاشان مەرقەدی باباناوس لەسەرگەت**(چ، ق، ٢٠٢٥)** .

ڕاستیەکی ترە هەیە، منارەو مزگەوتی مێژوویی خورماڵ وپاشان بیرمان نەچێت  گەشتوگوزاری چارەسەی ئەمڕۆ بایەخی خۆی هەیە، شوێنگەی ڕازاوەو هەمیشەسەوزایی ئەم ناوچەیەو ئاوی کانزایی خورماڵ (گەڕاوەکە) تا ئەمڕۆش بەکاریدەهێنرێن و دەبینین ڕۆژانە دەیانکەس بۆ نەخۆشیە پێستیەکان ئاوی کانزایی خورماڵ بەکاردەهێنن، چ وەک ئەوەی دەیبەنەوە لەگەڵ خۆیان چوەک ئەوەی لەحەوزەکانیدا خۆیان دەشۆن(ح،م، ٢٠٢٥).

هەروەها بابەتی تەلارسازی، ناوچەکانی هەورامان، واتە شێوازی خانووی گوندەکانی هەورامان جێگەی سەرنجی گەشتیاران بووە، ئەم تەلارسازیە مەدەنیە کە وەک کۆشک، خانووی نیشتەجێبوونە، تایبەتمەندی خۆی هەیە، خەریکە دەبرێتە دەرەوەی هەورامان و هەڵەبجەوە، ئاگادارم ئێستە لەسلێمانی و لەهەندێ شوێنی تر نموونەی دەردەکەون. پاشان ئەوهەمووتەڵان و و وشکە دیوارتابگاتە دیواری مزگەوتە مەزارەو مەرقەدەکان ئەمانە جونای و ستاتیکای میعماری خۆیانیان هەیە، مەخابن دەستی مۆدێرنەو ئەم بیناسازیە نوێیە کەئاسان و تێچووی کەمی هەیە، خەریکە جێگە بەم کەلتورە میعماریە ڕەسەن لێژدەکات!!(ج. ح،٢٠٢٥).

گەشتوگوزار بە سوودوەرگرتن لە باشترین سەرچاوە سروشتیی، مرۆیی، کەلتوری و مێژوویەکانی بەردەست لەم پارێزگایە و یارمەتیدەرە بۆ خەڵکی ناوچەکە بەشێوەیەک کە هەلی کار برەخسێنێت و دەرفەتی داهات برەخسێنێت و هاوسەنگی مووچە باشتر بکات، هەروەها یارمەتیدەر بێت لە باشترکردنی شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتوری ئەندامە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا.(ڕ.ل، ٢٠٢٥)

ئاشکرایە، خواردن و بەرهەمەخۆماڵییەکانی ناوچەکە ئەگەر زیاتر پەرەی پێ بدرێت گرنگە و جێگای سەرنجی گەشتیاران دەبێت.(ج، آ) ئەمە بەدەر لەو فیستیڤاڵانەی کە لەناوچەکە دەکرێت، نموونەش ڤیستیڤاڵی هەنار، کە زیاتر لە (٣٠٠هەزار) سەردانیکەر بەهۆیەوە ڕوولە پارێزگای هەڵەبجە دەکەن. هەر بۆیە زۆر جەخت لەسەر ڤیستیڤاڵەجۆراو جۆرەکان پێویستە بکرێتەوە بەتایبەتی ڤیستڤاڵی هەنارو پاییزی هەڵەبجە چونکە هۆکارێکی گرنگ و کاریگەری ڕاکێشانی گەشتیارانە لەناوخۆیی هەرێم و ناوەڕاست و باشوری عێراقەوە. هەروەها شوێنەگەشتیاریە سروشتییەکانی ناوچەکە کە خۆی زیاتر لە (٣٠) شوێن و ناوچەی گەشتیاری گرنگ ئەژمار دەکرێن(**(چ، ق، ٢٠٢٥)**

ئاشکرایە، ناوچە گەشتوگوزارە ئاینیەکانی هەڵەبجە بایەخی گرنگیان هەیە، چونکە گەشتوگوزار ئایینی بۆتە بژاردەیەکی گرنگی ئابوری و کۆمەڵایەتی، لێرەوە گرنگە هۆشیاری کەلتوری



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

گەشتوگوزار بۆ کۆمەڵگا بەشێوەیەک کە یارمەتیدەر بێت بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار، چونکە کەلتوری گەشتوگوزار ئەو جەوهەرەیە کە بنەماکانی گەشتوگوزار دروست و بەردەوام لە هەر وڵاتێکدا لەسەر بونیاد نراوە. بۆیە باوەڕمان وایە کەلتوری گەشتوگوزار رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە تیشک خستنە سەر ئەم توخمانە. کە لە بەرامبەردا " کەلتوری گەشتوگوزار کۆمەڵگا " کار دەکات بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار ئایینی بەتایبەتی و دواتریش گەشتوگوزار، ئەمڕۆ خەریکە ئەم بوارە زیندوو دەکرێتەوە، لە چەندان شوێنۆ گەشتوگوزار ئاینی چ کاکەییسەردانی هاوار دەکەن،تەنانەت لە وڵاتانی دەرەوەشۆ سەردانی مەزارەکانی شێخانی نەقشبەندی بۆ باخەکۆن و بایرەو تەوێڵە هەمیشە هەیە، ئەمە بۆخۆی سودو قازانجی ئابوری و کۆمەڵایەتی هەیە(ح، م).شتێکی گرنگ کە پێم وایە کاریگەری ئەرێنی داناوە، بوونی چالاکی بازرگانیەو گەشتوگوزار بازرگانی لەم سنووری پارێزگای هەڵەبجە بەو پێیە کەهاوسنووره لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێران، بۆیە گەشتیاری بازرگانی بەدرێژایی مێژوو بوونی هەبوەو کاریگەری باشی هەیە، کەپێم وایە ئەگەر بایەخ بەو مەرزانە بدرێت لەمڕووەوە کەرتی گەشتوگوزار سوودی باشی دەبێت و دەگەشێتەوە.(ڕ.ل. ٢٠٢٥).

**رۆڵی کەلەپوورو کەلتور لە پەرەپێدانی کەرتی گەشتو گوزاردا:**

بەپێی داتاکانی خشتەی ژمارە (٨) ڕێژەی (٥٤%) سامپڵ، کەلتوری لۆکاڵی و ڤیستیڤاڵە کەلتوریەکان، رۆڵی ئەرێنی دەگێرن لە ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەکە، ڕێژەی (٣٨%) سامپڵ بژاردەی (تائەندازەیەک) یان دیاریکردوە، ڕێژەی (٨%) هاوڕانەبوون لەوەی کە کەلتورو ڤیستیڤاڵی کەلتوری پیشتیوانی پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاربێت،

خشتەی ژمارە(٨) رۆڵی کەلەپوورو کەلتور لە پەرەپێدانی کەرتی گەشتو گوزاردا، لای سامپڵ روندەکاتەوە

| ز | زۆر | تائەندازەیەک | هاوڕانیم | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٢٧ | ١٩ | ٤ | ٥٠ |
| ڕێژە | ٥٤ | ٣٨ | ٨ | %١٠٠ |

بەڵام سەرچاوە چۆنیەتیەکانی دەسکەوتوو لە چاوپێکەوتنەکانی توێژەران، باسیان لەوەکرد، کە ڤیستیڤاڵێکی وەکو ڤیستیڤاڵی هەورامان کە چەندساڵێک بەردەوامبووە، لەساڵەکانی (٢٠١٠بۆ ٢٠١٤) هۆکاری ڕاکێشانی زیاتر لە (٤٠٠هەزار گەشتیار بووە)هەروەها ڤیستیڤاڵی نەورۆڵی کەمتر نەبووە لەوە، پاشان خستنەڕووی ئەو هەموو بەرهەمەخۆراکی و کەرەستە کەلەپووری و کەلتوریانەی ناوچەکە بەتایبەتی لە بازاڕچەکان هەورامان و ڤیستیڤاڵەکاندا، بێگومان رۆڵی گرنگ دەگێرن لەوبوارەداو گەشتیار ڕاکێشەرن بۆ پارێزگاکە(ج. ح،٢٠٢٥).

**ئاستی هەڵسەنگاندن بۆ بنەماو ڕەگەزەکەلتوریەکان:** بەپێی داتاکانی خشتەی ژمارە (٩) ڕێژەی (٣٦%) سامپڵ، هەڵسەنگاندنی بۆ بنەماو ڕەگەزە کەلتوریەکانی پارێزگا بۆ سەرنجراکێشی گەشتیاران لە ئاستی زۆرباشەدایە، رۆڵی ئەرێنی دەگێڕن لە ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەکە، ڕێژەی (٤٠%) سامپڵ بژاردەی (باش) یان دیاریکردوە، ڕێژەی (١٨%)سامپڵ، هاوڕانەبوون

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

لەوەی کە ڕەگەزەکەلتوریەکان بایی ئەوەندەبن کەسەرنجی گەشتیار ڕابکێشن، ڕێژەی (%٤) سامپڵ،بە زۆر لاواز هەڵیانسەنگاندون و پێیان وابوە کە لەئاستی پێویستادا نین، بۆ سەردانی گەشتیاران

خشتەی ژمارە (٩) ئاستی هەڵسەنگاندن بۆ بنەماو ڕەگەزەکەلتوریەکان لای سامپڵ دیاریدەکات

| خزمەتگوزاری | زۆرباش | باش | لاواز | زۆر لاواز | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ١٨ | ٢٠ | ٩ | ٢ | ٥٠ |
| ڕێژە | ٣٦ | ٤٠ | ١٨ | ٤ | %١٠٠ |

**ئاستەنگەکانی گەشتوگوزار لە پارێزگای هەڵەبجە:** بەپێی داتاکانی خشتەی ژمارە (١٠) ڕێژەی (%٤٨) سامپڵ، پێیان وایە پەراوێزخستنی کەرتی گەشتوگوزار و نەبونی پاڵپشتی پێویست بۆ ئەو کەرتە ئاستەنگی یەکەمی بەردەم گەشەپێدانیەتی، ڕێژەی (%٢٤) سامپڵ بژاردەی (لاوازی ژێرخان و نەبوونی خزمەتگوزاری شایان بەوکەرتە) یان دیاریکردوە، ڕێژەی (%١٨) بژاردەی (نەبونی هوشیاری یان کەمی هوشیاری لائاست ڕۆڵی گرنگی کەلتور بۆ بابەتی گەشتوگوزاری بە ئاستەنگ زانیوە،، ڕێژەی (%١٠) سامپڵ. میدیا پشتیوانی ئەم کەرتە گرنگە ناکات و ڕۆڵی لە پاڵپشتی ئەم کەرتەدا وونە.

خشتەی ژمارە (١٠) ئاستەنگەکانی گەشتوگوزار، لای سامپڵ دیاریدەکات

| ز | لاوازی ژێرخان | کەمی حکومی | پاڵپشتی کەمی کەلتور | هوشیاری بەگرنگی نەبوونی میدیایی | پاڵپشتی | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ١٢ | ٢٤ | ٩ | ٥ | ٥٠ |
| ڕێژە | ٢٤ | ٤٨ | ١٨ | ١٠ | ١٠٠ % |

زانیاریەکانی نێو چاوپێکەوتنەکانی توێژەران لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری هەڵبجە هاتبوو: حکومەتی هەرێم سەرەرای بارودۆخی خراپی دارایی هەرێم، پشتیوانی کەرتی گەشتوگوزاری کردوە، لەپارێزگای هەڵەبجە بایی ئەوەندە کردوە، بەڵام لایەنی ڕاگەیاندن و هۆکارەکانی گەیاندن لاوازە و هێشتا نەتوانراوە بەتەواوی کاری لەسەر بکرێت، لەلایەکی ترەوە، هۆشیاری تاك لەبواری گەشتوگوزاریەوە، وەک پێویست ڕۆڵی نەبووە لاوازە، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەو بوارەدا دەستیانداوەتە مامەڵە، لەوانەش فرۆشیاران کە زیاتر گرنگی بە داهات دەدەن، ئەمە سەرەرای جەختکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزار و تیمەکانی بۆ هاندانی فرۆشیاران بەوەی کە جلوبەرگی ڕەسەن و کەلتوری خۆیان بپۆشن، بەڵام وادیارە بەلای فرۆشیارانەوە گرنگی ئەوتۆی پێ نادریت!(چ،ق،٢٠٢٥)

**ئاستی ڕەزامەندی گەشتیاران لە گەشتوگوزاری کەلتووری:**

خشتەی ژمارە (١١) ئاستی ڕەزامەندی گەشتیاران لە گەشتوگوزاری کەلتووری، لای سامپڵ ڕووندەکاتەوە.

| ز | بەڵێ زۆر | بەڵێ تارادەیەک | نا زۆر شیاو نین | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ١٣ | ٢٣ | ١٤ | ٥٠ |
| ڕێژە | ٢٦ | ٤٦ | ٢٨ | %١٠٠ |

بەپێی داتاکانی خشتەی ژمارە (١١) ڕێژەی (%٢٦) سامپڵ، شوێن و بابەتە کەلتوریەکان جێگەی ڕەزامەندی تەواوی گەشتیارانن، ڕێژەی (%٤٦) سامپڵ بژاردەی (تارادەیەک) یان دیاریکردوە، ڕێژەی (%٢٨) هاوڕانەبوون لەوەی کە ئەوەی خراوەتەرو و بوونی هەیە لە شوێن و بابەتی گەشتوگوزاری کەلتوریەکان جێگەی ڕەزامەندیان بن. شایانی باسە ئەم وەڵامەمان خستە بەردەم بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری پارێزگای هەڵەبجە. وەڵامیان ئەوەبوو کە: هەوڵەکانی بەریوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری هەڵەبجە دەربارەی برەودان بە گەشتوگوزاری کەلتوری ناوچەکە بەو شێوازەی کە جێگەی ڕەزامەندی گەشتیاران بێت، لەوەڵامدا وتی: هەمیشەو بەردەوام ئەو شوێن و جێگانەی کە چالاکی کەلتوری ئەنجامدەدەن وەک بەڕێوەبەرایەتی سەردانیان دەکەن و ڕێنمایی تایبەتیان پێدەدەن. لەلایەکی ترەوە ڕینمایی دەدەن بە هاونیشتیمانیان لەکاتی دروستکردنی خانەباخ و دوکانەکان لەناوچەگەشتیارییەکان پێویستە ڕەچاوی کەلتوری کوردەواری بکەن و هەموو ئەو کەرەستانە بەکاربهێنن کە گونجاون بۆ کەلتور، وەك بەرد ودار و تەختە و دیکۆری تایبەت بە ناوچەکان. لەم لایەنەوە بەڕێزیان

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

جەخت لەسەر پێدانی پیشینەی تایبەت بەم بوارە دەکاتەوە بۆ دەستگیرۆیی هاونیشتیمانیانی ناوچەکە.

**فاکتەرەکانی گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لەهەڵەبجە:**

بەپێی داتاکانی خشتەی ژمارە (١٢) ڕێژەی (%٤٤) سامپڵ، پێیان وایە گرنگی دانی حکومەت بە کەرتی گەشتوگوزار و گەیاندنی خزمەتگوزاری زیاتر بەناوچە گەشتوگوزاریەکان، فاکتەری یەکەمی پێشخستنی ئەم کەرتەیە لەهەڵەبجە. ڕێژەی (%٢٩) سامپڵ، پێیان وایە باشترکردنی ژێرخانی گەشتوگوزاری هەمەجۆر فاکتەری بەرەوپێشبردنی کەرتی گەشتوگوزاری هەڵەبجە دەبێت، ڕێژەی (%٢١) سامپڵ بژاردەی (پەرەپێدانی کەلتوری کوردی و برەودان بە بازاڕکردنیدا) یان دیاریکردوە، ڕێژەی (%١٩) سامپڵ، بژاردەی (برەودان بە فیستیڤاڵە کەلتوریەکان نمونە(هەنار و هەورامان و نەورۆزی و فیستیڤاڵە ئەدەبی و ئاینیەکان...) دیاریکردوە، ڕێژەی (%١٨) سامپڵ. بژاردەی(پاراستنی شوێنەوارە ئاینیەکان و بایەخپێدانیان)دیاریکردوە، دووا بژاردەی کۆتاییش (بەشداری میدیاو ئامرازەکانی، لە ڕەواجپێدانی (ترویج) گەشتوگوزار و پاراستنی شوێنەوارە ئاینیەکان و بایەخپێدانیان) دەستنیشانکراوە.

خشتەی ( ١٢) فاکتەری گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لە هەڵەبجە، لای سامپڵ ڕوندەکاتەوە

| پێشنیار | دووباره |
|---|---|
| پاراستنی شوێنەوارە ئاینیەکان و بایەخپێدانیان | ١٨ |
| پەرەپێدانی کەلتوری کوردی و برەودان بە بازاڕکردنیدا | ١٢ |
| باشترکردنی ژێرخانی گەشتوگوزاری هەمەجۆر | ٢٩ |
| وەبەرهێنان لە کەرتی کەلتوری گەشتوگوزار | ٢١ |
| برەودان بە فیستیڤاڵە کەلتوریەکان نمونە(هەنار و هەورامان و نەورۆزی... | ١٩ |
| بەشداری میدیاو ئامرازەکانی لە ڕەواجپێدانی (ترویج) گەشتوگوزار | ١٤ |
| پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان و بەبەڵگەنامە ناساندنیان | ٩ |
| گەیاندنی خزمەتگوزاری زیاتر بەناوچە گەشتوگوزارەکان. | ٤٤ |

**سێیەم: ئەنجام و ڕاسپاردەکان**

**ا. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١- خۆشگوزەرانی و قەرەباڵغی شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، فاکتەری جوڵەی گەشتیارین بۆ پارێزگای هەڵەبجە.

٢- هۆکارە جیاوازەکانی ڕووکردنە گەشتیار بۆ پارێزگای هەڵەبجە، زیاتر لەجارێک بۆ ئەم چەند خاڵە دەگەڕێتەوە:

- بوونی ناوچەی گەشتوگوزاری سروشتی سەرنجڕاکێش: هەڵەبجە بە شوێنە شاخاوییە جوانەکانی، هاوینەهەوار و ڕووبارەکانی دەناسرێتەوە، کەوای لێکردووە شوێنێکی سەرنجڕاکێش بێت بۆ ئەوانەی کە حەزیان لە جوانی سروشت و ئارامی هەیە.

- کەلتوری ڕەسەن و دەوڵەمەندی ناوچەیی: هەڵەبجە لەڕووی زمان و مۆسیقا و جلوبەرگ و دابونەریتەوە کەلتورێکی ڕەسەنی کوردی لەخۆدەگرێت تا ئەمڕۆش پارێزراوە، بەتایبەتی ناوچەی هەورامان، کە حەزی گەشتیاران بۆ تەماشەو ناسینی ئەم کەلتورە دەوروژێنێت.

- گرنگی مێژوویی و بوونی سیمبولی خەباتی شەهیدان: مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجە یەکێکە لە دیارترین شوێنەوارەکان کە سەردانکەران سەردانی دەکەن و سیمبولی تراژیدیای ساڵانەی کیمیاییبارانی ساڵی ١٩٨٨ دەکات. زۆرێک لە گەشتیاران بە مەبەستی مرۆڤایەتی و هاوسۆزی سەردانی شارەکە دەکەن.

- سەردانی ئایینی و بوونی مەرقەدو مەزارە ئاینیەکان: ئەم ناوچەیە مەزارگە و شوێنی ئایینی تێدایە کە هەندێک گەشتیار لە ناوەوە و دەرەوەی ناوچەکە پاسەندی دەکەن و سەردانی خانەقاکانی شێخەکانی هەڵەبجەو هەورامان و هەروەها مەزارەکانی هاوارو یارسان ساڵانە هەزاران گەشتیار پەلکێش دەکەن.

- ئارامی و سەلامەتی و هەرزانی گەشتوگوزار: بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تر، هەڵەبجە شارێکی ئارام و سەلامەتە و بەبەراورد بە شوێنەکانی تر تێچووی گەشتکردن تیایدا کەمترە، ئەمەش هاندەرێکی باشی گەشتیارانە کە زیاتر ڕوو لەم پارێزگایە بکەن .

٣. لایەنی سەرنجڕاکێشی یەکەم و هاندەری ڕاکێشنای گەشتیاران بۆ پارێزگای هەڵەبجەو سەردانی چەندبارەیان، بەمشێوەیە هاتوە، لە ڕیزبەندی یەکەمدا، بوونی سەیرانگەی جوان و سەرنجڕاکێش هۆکاری ڕاکێشانی گەشتیارە، کەڕێژەی (٤٠٪) سامپڵ ئەوبژاردەیان دیاریکردوە، بەپلەی دووەم و ڕێژە (٢٠٪)سامپڵ، ڤیستیڤاڵە جۆراوجۆرەکان بە فاکتەری ڕاکێشانی گەشتیارن بۆ سنوری پارێزگای هەڵەبجە، پاش ئەوان بە پلەی سێەم و چوارەم و پێنجەم(کەرەستەو شمەکە کەلەپووریەکان، شوێنەوارە ئاینیەکان، شوێنەوارە مێژوویەکان)ن. ئەم ئەنجامانەش هاوتەریی توێژینەوەکەی شەماڵ عەلی مارفن بە ناونیشانی بنەماجوگرافیەکانی پلاندانانی گەشتوگوزاری لەقەزای هەڵەبجەی شەهید.

٤. بنەماو ڕەگەزە کەلتوریەکانی پارێزگا بۆ سەرنجڕاکێشی گەشتیاران لە ئاستی زۆرباشەدایە، ڕۆڵی ئەرێنی دەگێڕن لە ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەکە، ڕێژەی (٤٠%) سامپڵ بژاردەی (باش) یان دیاریکردوە، ڕێژەی (١٨%)سامپڵ، هاوڕانەبوون لەوەی کە ڕەگەزەکەلتوریەکان بایی ئەوەندەبن کەسەرنجی گەشتیار ڕابکێشن، ڕێژەی (٤%) سامپڵ،بە زۆر لاواز هەڵیانسەنگاندون و پێیان وابوە کە لەئاستی پێویستادا نین، بۆ سەردانی گەشتیاران.

٥. ئاستەنگەکانی گەشتوگوزار لە پارێزگای هەڵەبجە، بەپێی داتاکانی خشتەی ژمارە (٩) ڕێژەی (٤٨%) سامپڵ، پێیان وایە پەراوێزخستنی کەرتی گەشتوگوزار و نەبونی پاڵپشتی پێویست بۆ ئەو کەرتە ئاستەنگی یەکەمی بەردەم گەشەپێدانیەتی، ڕێژەی (٢٤%) سامپڵ بژاردەی (لاوازی

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

ژێرخان و نەبوونی خزمەتگوزاری شایان بەوکەرتە) یان دیاریکردوە، رێژەی (١٨%) بژاردەی (نەبونی هوشیاری یان کەمی هوشیاری لائاست رۆڵی گرنگی کەلتور بۆ بابەتی گەشتوگوزاری بە ئاستەنگ زانیوە،، رێژەی (١٠%) سامپڵ. میدیا پشتیوانی ئەم کەرتە گرنگە ناکات ومیدیا رۆڵی لە پاڵپشتی ئەم کەرتەدا وونە. ئەمەش تەریبە لەگەڵ توێژینەوەکەی شەماڵ عەلی مارف، رێباز لوقمان مصطفی، نوشیروان عمر رەشید(٢٠١٩) بە ناونیشانی (بایەخی گەشتوگوزار بنەما مێژوویی و شوێنەواری و ئاینییەکان لە هەورامان، بە بەکارهێنانی GIS.

٦. بەپێی داتاکانی خشتەی ژمارە (١٠) رێژەی (٢٦%) سامپڵ، شوێن و بابەتە کەلتوریەکان جێگەی رەزامەندی تەواوی گەشتیارانن، رێژەی (٤٦%) سامپڵ بژاردەی (تارادەیەک) یان دیاریکردوە، رێژەی (٢٨%) هاوڕانەبوون لەوەی کە ئەوەی خراوەتەرو و بوونی هەیە لە شوێن و بابەتی گەشتوگوزاری کەلتوریەکان جێگەی رەزامەندیان بن.

٧. فاکتەرەکانی گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لەهەڵەبجە: بەپێی داتاکانی خشتەی ژمارە (١١) رێژەی (٤٤%) سامپڵ، پێیان وایە گرنگی دانی حکومەت بە کەرتی گەشتوگوزار و گەیاندنی خزمەتگوزاری زیاتر بەناوچە گەشتوگوزاریەکان، فاکتەری یەکەمی پێشخستنی ئەم کەرتەیە لەهەڵەبجە. رێژەی (٢٩%) سامپڵ، پێیان وایە باشترکردنی ژێرخانی گەشتوگوزاری هەمەجۆر فاکتەری بەرەوپێشبردنی کەرتی گەشتوگوزاری هەڵەبجە دەبێت، رێژەی (٢١%) سامپڵ بژاردەی (پەرەپێدانی کەلتوری کوردی و برەودان بە بازاڕکردنیدا) یان دیاریکردوە، رێژەی (١٩%) سامپڵ، بژاردەی (برەودان بە فیستیڤاڵە کەلتوریەکان نمونە(هەنار و هەورامان و نەورۆڵی و فیستیڤاڵە ئەدەبی و ئاینیەکان...) دیاریکردوە، رێژەی (١٨%) سامپڵ. بژاردەی(پاراستنی شوێنەوارە ئاینیەکان و بایەخپێدانیان)دیاریکردوە، دووا بژاردەی کۆتاییش (بەشداری میدیاو ئامرازەکانی، لە رەواجپێدانی (ترویج) گەشتوگوزار و پاراستنی شوێنەوارە ئاینیەکان و بایەخپێدانیان) دەستنیشانکراوە.

## ب. دەرنجامەکانی توێژینەوەکە:

١- خۆشگوزەرانی و قەرەباڵغی شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، فاکتەری جوڵەی گەشتیارین بۆ پارێزگای هەڵەبجە.

٢- سەرچاوە جیاوازەکانی گەشتوگوزار لە پارێزگای هەڵەبجە، فاکتەری رووکردنە گەشتیاری زۆرە بۆ پارێزگای هەڵەبجە.

٣- هەڵەبجە خاوەنی ناوچەی گەشتوگوزاری سروشتی سەرنجراکێش زۆر و هەمەجۆرە، وەک سەیرانگاکانی ئەحمەدئاواو تاڤگەی زەڵم و جاوگ..،هەروەها کەلتوری رەسەن و دەوڵەمەندی ناوچەیی، بوونی سیمبول و مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، مەزاری شێخانی نەقشبەندی و مەزارگەکانی یارسان لەهاوار، مزگەوتی مێژوویی خورماڵ، شوێنەوارو قەڵا مێژووییەکانی وەک خان ئەحمەدخان و ئاوی کانزایی (گەڕاوی خورماڵ) لەسەروی هەموشیانەوە ئارمی و ئاسایشی پارێزگاکە، بنەماو سەرچاوەی گرنگی گەشتیاری پارێزگاکەن.

٤. فیستیڤاڵە کەلتوریەکان نمونە: هەنار و هەورامان و نەورۆزلی و فیستیڤاڵە ئەدەبی و ئاینیەکان لە فاکتەرەکانی گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار ی پارێزگای هەڵەبجەن.

٥. کەلتور و ڕەگەزە کەلتوریەکان، بەشێکی گەورەی گەشتوگوزاری پارێزگای هەڵەبجە پێکدەهێنن.

٦. ئاستەنگی جۆراوجۆر هەن، لەبەردەم کەرتی گەشتوگوزاری هەڵەبجە، کە پێویستی بەبەرنامەو پلانی چارەسەری گەشتوگوزاری هەیە.

ت. پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

١- دامەزراندنی سەنتەرو دامەزراوەی کەلتوری تایبەت بەپارێزگاکە، کە سەرجەم بابەتە کەلتورییەکان لەخۆ بگرێت، بۆ هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوور، وەك بەرهەمی دەستی و فۆلکلۆرییەکان، بەتایبەت ڕستنوچینین و خورادەمەنییە کوردەوارییەکانی ناوچەکە.

٢- ئاسانکاری لە ڕێنماییەکانی وەبەرهێنان ( ناوخۆیی- دەرەکی) بەشێوەیەك لەبەرژەوەندی پاراستنی کەلتوری ناوچەکە بێت، بەتایبەت وەبەرهێنان لەپرۆژە گەشتوگوزارییەکان.

٣- پەیرەویکردنی بەبازاڕکردنی سەردەمیانە لەپێناو ناساندنی زیاتری کەلتوری پارێزگاکە، هەروەها بڵاوکردنەوەی هۆشیاری گەشتیاری لەناو چین و توێژەکانی سنورەکە، چونکە تا ئێستا بەشێك لە داب و نەریت تارادەیەك ڕێگرن لەبەرەوپێشچوونی کەرتی گەشتوگوزاری ناوچەکە.

٤- خستنەگەڕی سەرجەم هۆکارەکانی ڕاگەیاندن( بینراو، بیستراو، چاپەمەنی) و هەروەها ئەپەکانی تەکنۆلۆژیا، دانانی وێنە و نەخشەی ناوچە و شوێنەگەشتیارییە کەلتورییەکان لە گۆگڵ.

٥- دابینکردنی سەرجەم خزمەتگوزارییە گشتییەکانی تایبەت بە گەشتیاران.

٦- دروستکردنی پروشەری تایبەت بە ناوچە کلتورییەکانی ناوچەکە، وەك خانەقای بیارە و تەوێڵەو باخەکۆن، قەڵای خورماڵ و مزگەوتی گەورەی خورماڵ. بەزمانە زیندووەکانی ناوچەکە، وەك ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی، ئەمەش بەمەبەستی ناساندنیان بە گەشتیارانی بیانی.

٧- ناساندنی زیاتر بۆ مەزارگەی کاکەییەکان لە گوندی هاوار.

٨- پارێزگارکردن لەشوێنەوارە مێژوویی و ئایینی وکەلتووریەکانی پارێزگاکە، نۆژەنکردنەوە و بونیادنانەوەیان بەشێوەیەك کە ڕەگەزەکانی شوێنەواری پێوەدیار بێت.

٩- کردنەوەی خوول و ڕاهێنانی بەردەوام بۆ کارمەندانی گەشتوگوزارو خاوەن شوێن و جێگا گەشتیارییە کەلتورییەکان، چونکە کارمەند و فەرمانبەری باش، دەرئەنجامی ئەرێنی دەبێت لەڕووی بەرەوپێشچوونی کەرتی گەشتوگوزاری پارێزگاکە.

١٠- چارەسەرکردنی رێگا سەرەکییەکانی گەشتن بە شوێنە گەشتیاریە کەلتورییەکان، بەئامانجی ئاسانکاری گواستنەوەی گەشتیاران بۆ شوێنە گەشتیارییەکان. دانانی تابلۆ و رێنمایی گەشتیاری بەگشتی و شوێنەگەشتیارییە کەلتورریەکان بەتایبەتی.

**سەرچاوەکان: ا/ سەرچاوەی کوردی:**


١. شەماڵ علي مارف و رێباز لقمان مصطفی و شيروان عمر رەشيد(٢٠١٩): بايەخی گەشتوگوزار بنەما مێژوویی و شوێنەواری و ئاينييەکان لە هەورامان، بە بەکارهێنانی GIS

٢. شەماڵ علي مارف،(٢١٠٤): بنەما جوگرافييەکانی پلاندانانی گەشتوگوزار لە قەزای هەڵەبجەی شەهيد، لێکۆڵینەوەيەك لەجوگرافيای گەشتوگوزار.

**ب/ سەرچاوەی عەرەبی:**

٣. ابتسام منزري ، مريم شطيبي محمود، أسماء فرادي(٢٠٢٢): دور التراث الثقافي في دعم وتنمية السياحة: دراسة حالة تركيا، مجلة العلوم الانسانية لجامعة أم البواقي، ٢٠٢٢ مارس – العدد١، المجلد٩ .

٤. ابن عطا الله نادية و آخرون (٢٠٠٥): دور العلاقات العامة في الترويج السياحي ،رسالة في شهادة لسانس في علوم التجارية ،مركز جامعي يحيي فارس الحرية ،الجزائر.

٥. احمد فوزي ملوخية(٢٠٠٧)، التنمية السياحية، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، مصر.

٦. أحمد مختار عمر(٢٠٠٨)، معجم اللغة العربية المعاصرة، عالم الكتب، ط١، الكويت.

٧. إياد عبدالفتاح النسور(٢٠٠٨): اسس تسويق الخدمات السياحية العلاجية مدخل مفاهيمي ،دار صفاء للنشر والتوزيع ، طبعة الاولي ، عمان ، الاردن.

٨.صالح بن قربة وفتحية شلوق(٢٠١٤) العنارة الدينية الاثرية بمنطقة الزاب و متطلبات توزيفها في تنمية السياحية الدينية، الجزائر، دراسة منشورة في مجلة العلوم الانسانية و جامعة محمد خضير بسكرة. العدد ٣٤و ٣٥.

٩. عباس غالي الحديثي (٢٠٠٧)، السياحة التراثية وقضاياها ، مجلة الفيصل، العدد ٣٦٩))

١٠. عبد الحافظ الجزولي، محمد الدخيل، (٢٠٠٠): طرق البحث في التربية والعلوم الاجتماعية، دار الخريجي، الرياض.

١١. عبد الفتاح، محمد عبد الفتاح(٢٠١٠) مدخل إلى السياحة: المفاهيم والأسس. دار الفكر العربي، القاهرة:

١٢. عثمان محمد غنيم و بنيتا نبيل سعد ، التخطيط السياحي في سبيل التخطيط المكاني شامل ومتكامل، دار الصفاء للنشر والتوزيع ،الطبعة الثانية ،عمّان، ٢٠٠٣، ل ٣٧-٤٢ .

١٣. فؤاد عكاشة(٢٠٠٣)، قضايا التنمية المعاصرة. دار الشروق، القاهرة.

١٤.مثني طه الحوري و إسماعيل محمد علي الدباغ (٢٠٠١): مبادىء السفر والسياحة، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، طبعة الاولي، عمان، الاردن.

١٥. ماهر عبدالخالق السيسي، مبادىء السياحة ، مجموعة النيل العربية ، الطبعة الاولي، القاهرة، ٢٠٠١، لــ ١٥.

١٦. محمد أحمد بيومي (٢٠٢٠): علم الجتماع الثقافي، داراالمعرفة الجامعية، الاسكندرية، مصر.
١٧. محمد عبد الفتاح حسن(٢٠١٤): أسس التنمية السياحية. دار الفكر العربي، القاهرة.
١٨. منظمة السياحة العالمية (٢٠٠٤) (UNWTO). Sustainable Development of Tourism: منشورات منظمة السياحة العالمية، مدريد.
١٩. نعيم الظاهر و سراب الياس(٢٠٠٧): مباديء السياحة، دار المسيرة للنشر والتوزيع، طبعة الثانية، مصر.
٢٠. الهيئة العامة للسياحة والتراث الوطني – المملكة العربية السعودية(٢٠٠٥): الاستراتيجية العامة لتنمية السياحة الوطنية في المملكة العربية السعودية.

**ت/ سەرچاوەی ئینگلیزی و سایتەکان:**

22. United Nations World Tourism Organization (UNWTO), (2008) .International Recommendations for Tourism Statistics
23.Stephen Wynn Williams (1998): Tourism Geography, Routledge Contemporary Human Geography Taylor And Francis Group, fifth published. .https://www.taylorfrancis.com
(٢٠١٨ ):24. United Nations World Tourism Organization (UNWTO Tourism and Culture Synergies https://www.e-unwto.org/doi/pdf/10.18111/9i7t89284418978

Sources: A/ Kurdish Source:

1. Shamal Ali Marf, Rebaz Luqman Mustafa and Shirwan Omar Rashid (2019): The importance of tourism, historical, archaeological and religious principles in Hawramabad, using GIS
2. Shamal Ali Marf, (2104): Geographical principles of tourism planning in Halabja district, a study of tourism geography.
1. b) Arabic sources:
2. Abtissam Manzari, Maryam Shatibi Mahmoud, Asmaa Faradi (2022): The Role of Cultural Heritage in Supporting Tourism Development: A Case Study in Turkey, U.S. Journal of Humanities Al-Buaqi, March 2022 – Issue 1, Volume

3. Ibn Attallah Nadia and Akhroun (2005): The Role of Public Relations in Tourism Promotion, Thesis in Bachelor's Degree in Business Sciences, Yahya Persian University Center, Algeria.
4. Ahmed Fouzi Malokhia (2007), Tourism Development, University of Thought, Alexandria, Egypt.
5. Ahmed Mukhtar Omar (2008), Dictionary of Contemporary Arabic Language, World of Books, Vol. 1, Kuwait.
6. Iyad Abdulfattah Al-Nasr (2008): Foundation for Marketing Medical Tourism Services, Dar Safa Publishing and Distribution, First Edition, Oman, Jordan.
7. Saleh bin Qarba and Fathia Shlouq (2014) The religious lighthouse of Al-Zab and its application in the development of religious tourism, Algeria, a study published in the journal of science Humanities and Mohammad Khadir Baskara University. Numbers 34 and
8. Abbas Ghali al-Hadithi (2007), Heritage Tourism and its Issues, Al-Faisal Magazine, No. 369((
9. Abdul Hafiz al-Jazouli, Mohammed al-Dakhil, (2000): Research Methods in Education and Social Sciences, Dar al-Khariji, Riyadh.
10. Abdul Fattah, Mohammed Abdul Fattah (2010) Introduction to Tourism: Concepts and Foundations. Dar Al-Fakr Al-Araby, Cairo:
11. Osman Mohammed Ghanim and Binita Nabil Saad, Tourism Planning in the Way of Inclusive and Comprehensive Spatial Planning, Dar Al Safa Publishing and Distribution, Second Edition, Amman , 2003 , pp. 37-4
12. Fouad Akasha (2003), Contemporary Development Issues. Dar Al-Shorouq, Cairo.
13. Muthni Taha al-Houri and Ismail Mohammed Ali al-Dabagh (2001): Principles of Travel and Tourism, Al-Waraq Publishing and Distribution Foundation, First Edition, Oman, Jordan.

14. Maher Abdulkhaliq al-Sisi, Principles of Tourism, Arabian Nile Complex, First Edition, Cairo, 2001, p.
15. Mohammed Ahmed Bayumi (2020): Cultural Sociology, University of Knowledge, Alexandria, Egypt.
16. Mohammed Abdul Fattah Hassan (2014): Tourism Development Foundation. Dar Al-Fakr Al-Araby, Cairo.
17. World Tourism Organization (2004)(UNWTO). Sustainable Development of Tourism: Publications of the World Tourism Organization, Madrid.
18. Naeem Al-Zahir and Sarab Elias (2007): Principles of Tourism, Dar Al-Masira Publishing and Distribution, Second Edition, Egypt.
19. General Authority for Tourism and National Heritage – Saudi Arabia (2005): General Strategy for National Tourism Development in Saudi Arabia.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣